لە بڵاو کراوەکانی ماڵپەڕی بەهەشت

لا إله إلا الله

فەزڵەکانی، واتاکانی، مەرجەکانی، داخوازیەکانی

نوسینی:

عَلِي خَان

چاپی دووەم

١٤٣٥ك

ماڵپەڕی بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صالح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیە.

ماڵپەری بەهەشت

ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

ئامانجمان:

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.

ستافی ماڵپەڕی بەهەشت

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

پێشەکی

بەڕێزەکان ..

لە خزمەتتاندا باسی گەورەترین وشە دەکەین، باسی ئەو وشە دەکەین کە لە پێناویدا ئەرز وئاسمانەکان دروستکراوە، مەخلوقاتەکانی لە پێناو خولقێندراوە، بە هۆیەوە پەیامبەران ڕەوانە کراون، کتێبەکان دابەزێنراون، شەریعەتەکان دارێژراون، بە هۆیەوە تەرازوەکان دانراون، تۆماری کردارەکان نوسراون، بەهەشت ودۆزەخ دروستکراون، بە هۆیەوە خەڵك دابەش بون بەسەر باوەڕدار وکافر، وچاکە کار وفاجر، بەڕاستی ئەم ڕستەیە مایەی خەلق وئەمری خوا، پاداشت وسزای خوان، لەسەر ئەم ڕستەیە ولەبارەی ئەم ڕستەیەیە پرسیار و وەڵام و لێپرسینەوەی قیامەت، هەر لەسەر ئەمیش بەندەکان دابەش دەبن بەسەر خۆش بەخت وبەدبەخت، لەسەر ئەم ڕستە قیبلە دانراوە، میللەت دامەزرێنراوە، لە پێناویدا شمشێری جیهاد هەڵکێشراوە، وڵاتی کافر وڵاتی مسڵمانی پێ جیاوە کراوە، پەیامبەرانی لە پێناودا نێردراوە، ئەم ڕستەیە هەقی خوایە بەسەر بەندەکانیەوە، وشەی ئیسلامە وکلیلی دار السلامە، هەمو بەندەکان هەر لەسەرەتایانەوە تا

کۆتاییان لەسەر ئەم ڕستەیە پرسیاریان لێدەکرێت تەنانەت هەنگاوێك لە قیامەت ڕێگە نادرێت هەڵبگیرێت تا پرسیاریان لەبارەی دو شتەوە لێ نەکرێت:

چیتان دەپرست وچۆن وەڵامی پەیامبەرانتان دایەوە؟

جا یەکەمیان پرسیارە لەبارەی بە جێگەیاندنی لا إله إلا الله بە ناسین ودان پێنان وکارپێکردن.

دوەمیشیان پرسیارە لە بارەی محمد رسول الله وبە ناسین ودان پێنان وملکەچ بون وگوێڕایەڵ بون.

باسی وشەیەك دەکەین کە دەستپێکی پەیامی پەیامبەرانە، یەکەم وشەی زاری پیرۆزی پەیامبەرانە، دەستپێکی قورئانە.

موسا -علیه السلام- داوای لە پەروەردگار کرد وفەرموی: پەروەردگارا! شتێکم فێربکە کە پێی لێت بپارێمەوە ویادی تۆی پێبکەم، پەروەردگاریش فەرموی: ئەی موسا بڵێ: «لا إله إلا الله»، وتی: پەروەردگارا هەمو خەڵك ئەمە دەڵێن: پەروەردگار فەرموی: ئەی موسا ئەگەر بێت وهەمو ئاسمانەکان ودانیشتوانەکەی جگە لە خۆم، هەمو زەوییەکان ودانیشتوانەکەی ئەوەشی لە نێو

ئەرز وئاسمانداية هەموی بخرێتە نێو تايەکی تەرازوەوە و«لا إله إلا الله» بخرێتە تايەکەوە ئەوە «لا إله إلا الله» لە هەمویان قورستر دەبێت*.

بەڵێ بەڕێزان باسی وشەی -ڕستەی- «لا إله إلا الله» دەکەین...

ئەو ڕستەیەی کە پەیامبەری خوا -صلى الله عليه وآله وسلم- دەفەرموێت لە پێناوی بە جێگەیاندنی ئەو وشەیە نێردراوم:

ئەوەتا لە صەحیحەیندا هاتوە لە حەدیسەکەی عەبدوڵڵای کوڕی عومەر، دەفەرموێ: پەیامبەری خوا -صلى الله عليه وآله وسلم- فەرمویەتی: «أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حتَّى يَشْهَدُوا أَنْ لا إِلهَ إِلاّ اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللَّهِ، وَيُقِيمُوا الصَّلاَةَ، وَيُؤْتُوا الزَّكاة، فإِذَا فَعَلُوا ذلكَ عَصَمُوا مِنِّي دِماءَهُمْ وَأَمْوَالَهمْ إِلاّ بِحَقِّ الإِسْلاَمِ، وَحِسابُهُمْ على اللّه تعالى».

واتە: فەرمانم پێکراوە لەگەڵ خەڵکدا بجەنگم هەتا ئەو کاتەی ئەڵێن: «أشهد أن لا إله إلا الله وأن محمدا رسول الله» یانی تا ئەو کاتەی شایەتی دێنن کە هیچ خوایەك بە هەق شایستەی بەرستن نیە الله نەبێت، وموحەمەدیش پەیامبەر ونێردراوی خودایە، ونوێژەکانیان ئەنجام بدەن وزەکاتی مالەکانیان دەربکەن، کە

* رواه أحمد والحاكم وصححه وافقه الذهبي وصححه ابن حجر وضعفه الألباني وغيره.

ئەمەیان کرد ئەوسا خوێن ومالّیان لە من حەرام دەبێت مەگەر کارێك بکەن حەقی ئیسلام بێت وخوێنیان حەلاّلّ بکات».

کەواتە پەیامبەری خودا بۆ ئەم وشە نێردراوە کە بە خەلّك بلّێت: «لا إله إلا الله، محمد رسول الله»

کە کلیلی کردنەوەی دەرگای ئیسلام وبەهەشتە.

هەمو دەلّێن «لا إله إلا الله»... باشە ئەم وشە یانی چی؟

بۆ چی ئەبێت: «لا إله إلا الله» بێت لە نێو ئەم هەزارەها بەلّکو ملیۆنەها وشەی زبان، بۆ ئەبێت کەسێك بێتە ناو دینی پاشای کەون وکائیناتەکانەوە ئەبێت بلّێت: «لا إله إلا الله»!! ئەبێت ئەم وشەیە ڕابگەیەنێت بۆ دەربڕینی ڕازی بونی بە خوا وپەیامبەر وئاینەکەی.

ئەکرێت پاشایەك بەو مەزنی وگەورەییەی، کە زانا ودانایە، کار بە جێ ولە جێیە، ئاگاداری ئاشکرا وپەنهان ونهێنی وچپەکانە.. بە وشەیەك بێیتە نێو دینەکەیەوەیە کە بێ واتا وبێ مانا بێت، یان کەم واتا وکەم مانا بێت، هەرگیز.. تعالى الله سبحانه عن ذلك علوًا كبيرًا..

بۆیە ئەبێت ئەم وشە پڕ واتا بێت..

جا وا لە خزمەتتداین بە فەزڵ ومنەت وتەوفیقی خوای متعال بۆ ڕونکردنەوە وشیکردنەوەی هەندێك لەو واتا ومانایانەی کە زەرور وپێویستن، جا داوام ئەوەیە بە دڵەوە بیخوێنەوە ولە دڵتانی دابنێن.

شیکردنەوەی «لا إله إلا الله»

شایەتمان دەست پێدەکات بە نەفی کردن، دەبینی بە «لا» واتە: نیە دەست پێدەکات.

«إله»یش واتا: مەئلوهـ، ئەویش واتە: مەعبود، ئەویش واتە: پەرستراو.

جا «لا إله» واتە: هیچ پەرستراوێك نیە، ڕستەکە ئاوها تەواو نیە، چونکە ئێمە خوایەکی هەقمان هەیە، بۆیە دوای ئەم نەفیە کە ئەڵێت هیچ پەرستراوێك نیە، ئەڵێ: «إلا الله» تەنها الله یەك هەیە، تەنها پەرستراوێك هەیە.

دەبینی نەیوت: خوایەك هەیە «الله»یە، بەڵکو نەفی هەرچی خوا وپەرستراوی کرد وتی: هیچ پەرەستراوێك نیە.

پاشان ئیسپاتی عبودیەت وخوایەتی تەنها الله ی هەقی کرد و وتی: «إلا الله».

بۆ چی ئەم ڕستە پێکهاتوە لە نەرێکردن وئەرێکردن «النفي والاثبات»؟

چونکە بە هێزترین ئوسلوب وشێواز بۆ ئیسپاتکردن یان نەفی کردنی شتێك ئەوەیە: نەفی وئیسپات بهێنیت پێکەوە، بۆنمونە: ئەگەر بڵێی: «زەید» بەپێوەیە، ئەوەیش هەڵدەگرێت «عەمر»یش بەپێوەبێت، ئەوەش هەڵدەگرێت «حەسەن» و«حوسەین»یش بەپێوەبن.

هەروەها ئەگەر بڵێی: «زەید» بەپێوە نیە، ئەوەیش هەڵدەگرێت «عەمر»یش بەپێوە نەبێت، ئەوەش هەڵدەگرێت «حەسەن» و«حوسەین»یش بەپێوە نەبن.

بەڵام کە هەردو شێوازی نەرێ وئەرێت پێکەوە کۆ کردەوە و وتت:

(«کەس بە پێوە نیە» «جگە لە زەید»)، ئەوە بەهێزترین ئوسلوب وشێوازە بوە ئیسپاتکردنی مەبەستەکەت، کە ئەتەوێت بڵێی تەنها زەید بە پێوەیە.

بۆیە رب العالمین کاتێك تەنها پەرستراوێتی خۆی ئیسپات ئەکات، بە ئوسلوبی ئیسپات ونەفی دەیچەسپێنێت، نافەرموێ: الله پەرستراوی هەقە، بەڵکو دەفەرموێت: هیچ پەرستراوێك نیە بە هەق شایستەی پەرستن وروڵێکردن وهاوارپێکردن بێت تەنها الله نەبێت، ئا ئەمە تەوحیدە..

کەواتە وشەی تەوحید پێمان دەڵێت: «التجلية قبل التحلية»، چۆڵکردن، پاککردنەوە، پێش ڕازاندنەوە.

ئەبێت سەرەتا ئەو خاکی دڵە لە زەلکاو وچڵکاوی شیرك پەیداکردن پاك بکەیتەوە، پاشان کۆشکی شکۆمەندی تەوحیدی لەسەر بونیاد بنێیت.

ئەبێت سەرەتا بڵێی: «لا إله» هیچ پەرستراوێك نیە، ئەمەش پاککردنەوە وچۆڵکردنی دڵە لە پەرستراوە ناهەقەکان، ئینجا دەڵێی: «إلا الله» تەنها اللە نەبێت، ئەمەش ڕازاندنەوەی دڵە بە عەقیدەی تەوحید.

جا سەرەتا هەرچی غەیرە خوای هەق هەیە لە دڵتی دەردێنی، پاشان بڕوا بون بە اللە ی تێدا دادەنێیت.

بۆ لە وشەی تەوحید دا نەفی پێش ئیسپات هاتوە؟

دەڵێین: لەبەر ئەو حیکمەتەی بۆم باسکردی، چونکە تەوحید دانامەزرێت، شایەتومانەکەت دروست نابێت، تا کوفر نەکەیت -بێ باوەڕ نەبیت- بە هەرچی پەرستراوی تر هەیە، دوای ئەوە پاشان ئیمان دەهێنێت بە اللە ی هەق.

ئەمە واتای ئەوەیە کە سەرەتا نەفی دەکەیت، ئایا نابینی کاتێك فەرشەکەی مالّت دادەخەیت ئەبێت بە جوانی گسکێکی مالّکەت بدەیت، پاشان فەرشەکەی لەسەر دادەخەیت، ئەمەیە مانای: «التجلية قبل التحلية»یە، سەرەتا «لا إله» پاشان «إلا الله»، ئەبێت سەرەتا هەرچی پەرەستراوێك هەیە، هەرچی شوێنکەوتراوێك هەیە، هەرچی گوێڕایەڵی کراوێك هەیە، هەرچی بەقسەکراوێکی جگە لە خوا هەیە کە لە خوا گەورەترە یان وەکو خوا گەورەیە لە دڵتدا ئەبێت سەرەتا لە دڵی دەربهێنی، پاشان بڵێی: هەر اللە یە خوای هەق، گوێڕایەڵی ئەوم، وبەندەی ئەوم وئەو

پەرستراوی منە بە تەنها، شوێنی پەیام وپەیامبەرەکەی ئەو کەوتوم بە تاك وتەنها

واتای «لا إله إلا الله» بە کوردی

«لا إله إلا الله» بە کوردی واتا: هیچ پەرستراوێکی هەق نیە شایستەی پەرستن بێت اللە نەبێت.

هەقی خۆتە بپرسی وبڵێی: ئەو هەقە کە تۆ هێناوتە، لە ڕستەی تەوحیددا نیە، ئیتر چۆن ولە کوێوە هاتوە.

لە وەڵامدا دەڵێین: بۆ زانینی ئەمە پێویستە ئیعرابی ئەو وشە بەرزە بکەین، تا ڕون بێتەوە ئەو هەقە لە کوێوە هاتوە..

لا: ئەم «لا»یە نەفی جنس دەکات، ئەم جۆرە لامەش پێویستی بە اسم وخەبەر هەیە، دەڕواتە سەر مبتدأ وخبر.

إله: یش اسمی «لا»یە، اسمێکی مەبنیە لە محلی نەصبدایە.

إلاّ: لە ئەدەواتی ئیستیسنایە.

اللّه: بەدەلی خەبەرە مەحزوفەکەی «لا»یە کە ئێستا باسی دەکەین.

ماوەتەوە خەبەری «لا»، ئەشبێت خەبەرێکی هەبێت چونکە سود ناگەیەنێت بە تەواەوتی بەبێ خەبەر، ئیبن مالیك ئەڵێ: والخبر الجزء المتم الفائدة.

* جا ئێمەی ئەهلی سوننەت وجەماعەت ئەو خەبەرە بە «حق» تەقدیر دەکەین، واتە: لا إله حق إلا اللّه.

* بەڵام ئەشعەری وجەهمی وگۆڕ پەرست وعەلمانی وکۆمەڵێك لە صۆفیەکان ئەو خەبەرە بە «خالق» یان «متصرف» یان «مدبر» وهاوشێوەکانی تەقدیر دەکەن.

ئەمەش هەڵەیە لە چەند ڕوویەکەوە:

١. داننان بە خالقیەتی ومدبریەتی ومتصرفیەتی خوای تعالی بەشێکە لە واتاکانی «لا إله إلا اللّه»، نەك هەمو واتای «لا إله إلا اللّه»

٢. مەبەست لە «لا إله إلا الله» ئەوە نیە کە تۆ پێت وابێت هەر خوا خالقە، ئیتر چۆن بە شتێك ڕاڤە دەکرێت کە مەبەستی سەرەکی ڕستەکە نیە!؟

٣. بەڵکو بەپێی دەقی قورئان، ئەو بێ باوەڕانەی کە پەیامبەر -صلى الله عليه وآله وسلم- شەڕی لەگەڵ کردون وبە بێ باوەڕی زانیون، وتویانە: خوا خالقی هەمو شتێکە، بەڵکو باوەڕیان لەوە زیاتریش بوە، وەکو لە دەقی قورئاندا هاتوە:

﴿وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ لَيَقُولُنَّ اللهُ فَأَنَّى يُؤْفَكُونَ، اللهُ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَيَقْدِرُ لَهُ إِنَّ اللهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ، وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَنْ نَزَّلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَحْيَا بِهِ الْأَرْضَ مِنْ بَعْدِ مَوْتِهَا لَيَقُولُنَّ اللهُ قُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ، وَمَا هَذِهِ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلاّ لَهْوٌ وَلَعِبٌ وَإِنَّ الدَّارَ الْآخِرَةَ لَهِيَ الْحَيَوَانُ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ، فَإِذَا رَكِبُوا فِي الْفُلْكِ دَعَوُا اللهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ فَلَمَّا نَجَّاهُمْ إِلَى الْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ﴾.

﴿وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ اللهُ قُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ، لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ إِنَّ اللهَ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ، وَلَوْ أَنَّمَا فِي الْأَرْضِ مِنْ شَجَرَةٍ أَقْلَامٌ وَالْبَحْرُ يَمُدُّهُ مِنْ بَعْدِهِ سَبْعَةُ أَبْحُرٍ مَا نَفِدَتْ كَلِمَاتُ اللهِ إِنَّ اللهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾

﴿وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ اللهُ قُلْ أَفَرَأَيْتُمْ مَا تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللهِ إِنْ أَرَادَنِيَ اللهُ بِضُرٍّ هَلْ هُنَّ كَاشِفَاتُ ضُرِّهِ أَوْ أَرَادَنِي بِرَحْمَةٍ هَلْ هُنَّ مُمْسِكَاتُ رَحْمَتِهِ قُلْ حَسْبِيَ اللهُ عَلَيْهِ يَتَوَكَّلُ الْمُتَوَكِّلُونَ﴾

﴿وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ خَلَقَهُنَّ الْعَزِيزُ الْعَلِيمُ، الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ مَهْدًا وَجَعَلَ لَكُمْ فِيهَا سُبُلًا لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾

﴿وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ اللهُ فَأَنَّى يُؤْفَكُونَ، وَقِيلِهِ يَا رَبِّ إِنَّ هَؤُلَاءِ قَوْمٌ لَا يُؤْمِنُونَ، فَاصْفَحْ عَنْهُمْ وَقُلْ سَلَامٌ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ﴾

﴿قُلْ لِمَنِ الْأَرْضُ وَمَنْ فِيهَا إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ، سَيَقُولُونَ لِلَّهِ قُلْ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ، قُلْ مَنْ رَبُّ السَّمَاوَاتِ السَّبْعِ وَرَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ، سَيَقُولُونَ لِلَّهِ قُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ، قُلْ مَنْ بِيَدِهِ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ يُجِيرُ وَلَا يُجَارُ عَلَيْهِ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ، سَيَقُولُونَ لِلَّهِ قُلْ فَأَنَّى تُسْحَرُونَ﴾

بەڵکو لەکاتی تەلبیەی حەجدا ئەیانگوت:

«لبيك اللهم لك لبيك، لبيك لا شريك لك، إلا شريكاً هو لك، تملكه وما ملك»

کەچی ئەم هەمو باوەڕە نەیکردون بە موسڵمان، هەر بۆیە زانایان بەمە دەڵێن تەوحیدی موشریکەکان.

بوڵەهب وئەبوجەهلیش گوتویانە لا خالق إلا الله، ئەگەر لەسەر ڕاڤەکەی ئەوان بڕۆین بۆ «لا إله إلا الله» کەواتە ئەمانیش موسڵمانن، هەرکەسیش وا بڵێ کوفری کردوە، چونکە هەرکەس ئەوە بە کافر نەزانێ کە خوا وپەیامبەر بە کافریان زانیوە یان بە کۆدەنکی زانایان بە کافر بزانرێ ئەو بە کافری نەزانێت ئەوا ئەو کەسە بێ باوەڕ دەبێت.

«لا إله إلا الله»ش کۆکەرەوەی دینی ئیسلامە، ئەبێت ماناکەی تێکڕای دین بە گردی «مجمل» لە خۆ بگرێت، کەچی لە نێو هەرسێ جۆرەکەی تەوحیددا تەنها بەشێکی جۆری یەکەمی تێدایە کە تەوحیدی ڕبوبیەتە.

تەوحیدیش سێ جۆرە:

یەکەم: تەوحیدی ڕبوبیەت «پەروەردگاریێتی».

ئەمەش بریتیە لەوەی خوا سبحانه- بە تەنها ڕابگری لە:

١. **الخلق «دروستکردن».**

٢. **الملك «خاوەنداریێتی».**

٣. التدبير «بەڕێوەبردن».

بە کورتی: هەرچی کرداری خوا هەیە تاك وتەنهایەتی خوای مەزنی تێدا ڕابگری وتایبەتی بکەی بە خواوە سبحانە شەریکی بۆ بڕیار نەدەیت، وەکو ژیان ومردن وزیندو بونەوە وباران بارین وڕزق وڕۆزی وهتد..

جا ئەگەر بڵێ: «لا إله إلا الله» یانی: «لا خالق إلا الله». تەماشا دەکەیت تەوحیدی بچوك کردۆتەوە، لە کاتێکدا مانای تەوحید لەوە گەورەترە.

دوەم: تەوحیدی ئولوهیەت «پەرستراوێتی».

ئەمەش بریتیە لە بە تاك وتەنها ڕاگرتنی خوا سبحانە لە تاعەت وپەرستشەکاندا.

بە کورتی: هەرچی کرداری خۆت هەیە لە تاعەت وپەرستشەکان بە تاك وتەنها بۆ خوای سبحانە- ئەنجام بدەی.

بەمەش جیاوازی بکە لە نێوان تەوحیدی ئولوهیەت وڕبوبیەت.

سێیەم. تەوحیدی ئەلئەسمائوەصصیفات «ناو وسیفاتەکان».

٤. «إله» بە واتای خالق نایەت بەتایبەت.

كەواتە «لا خالق إلا الله» مانای «لا إله إلا الله» نادات.

* ئەهلی كەلام وفەیلەسوفەكان وكۆمەڵێك لە صۆفیەكان وهاوشێوەكانیان بە «موجود» یان «ممكن» یان «قادر» تەقدیری دەكەن، واتە: هیچ پەرستراوێك بونی نیە جگە لە الله، جا لای ئەوان هەركەس بڵێ خوا هەیە ئەوا موحدە.

ئەمەش وانیە وگومڕاییەكی گەورەیە، لەبەر:

١. دانان بە بونی الله بەشێكە لە واتاكانی «لا إله إلا الله»، نەك هەمو واتاكەی.

٢. مەبەست لە «لا إله إلا الله» ئەوە نیە كە تۆ پێت وابێت خوا مەوجودە.

٣. بە دریژایی میژو كۆمەڵێك نەناسراون نكوڵی بونی خوایان كردبێت، مەگەر فیرعەون وخەڵكانێكی كەم نەبێت، كەواتە نابێت ئەو ڕستە داوای شتێك بكات كە نیە یان زۆر كەمە.

٤. كەواتە بەپێی ئەم قسەیە بێت: **بە پێچەوانەی قورئان زۆربەی خەڵك موسڵمانن نەك كافر.**

٥. إله بە مانای موجود نایەت.

٦. ئەمە پێچەوانەی واقیعە چونکە چەندین پەرستراوی تر هەن ومەوجودن، قورئان وحەدیسیش باسی هەندێکیان بۆ کردوین:

﴿أَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَهَهُ هَوَاهُ أَفَأَنْتَ تَكُونُ عَلَيْهِ وَكِيلًا﴾ هەورەها: ﴿أَفَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَهَهُ هَوَاهُ وَأَضَلَّهُ اللَّهُ عَلَى عِلْمٍ وَخَتَمَ عَلَى سَمْعِهِ وَقَلْبِهِ وَجَعَلَ عَلَى بَصَرِهِ غِشَاوَةً فَمَنْ يَهْدِيهِ مِنْ بَعْدِ اللَّهِ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ﴾

لەحەدیسیشدا:

«تَعِسَ عَبْدُ الدِّينَارِ وَالدِّرْهَمِ وَالْقَطِيفَةِ وَالْخَمِيصَةِ إِنْ أُعْطِيَ رَضِيَ وَإِنْ لَمْ يُعْطَ لَمْ يَرْضَ» رواه البخاری ومسلم.

٧. لەسەر ئەم تەفسیرە بێت، پەرستنی ئەو پەرستراوانەی تر بریتی ئەبێت لە پەرستنی خوا، چونکە کە گوترا هیچ پەرستراوێکی تر نیە اللە نەبێت وئێمەش وتمان پەرستراوی تر هەیە، کەواتە هەرچی پەرستراوی تر هەیە اللە یە، ئەمەش بیروباوەڕی ئیتیحادی وحلولیەکانە کە لە کافرترینی دروستکراوەکانی خوان - سبحانه-.

* هەندێکی تریش ئەڵێن «لا إله إلا الله» واتە: «لا معبود إلا الله» هیچ پەرستراوێکی تر نیە اللە نەبێت.

ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە لە چەند ڕوویەکەوە:

وەڵامدانەوەی بە هەمان ئەو ڕوانەی پێشو دەبێت کە باسمان کرد، هەروەها دوبارە دەڵێین:

بەپێی دەقی قورئان وحەدیسی پەیامبەری خوا -صلى الله عَلَيهِ وَآله سَلَم- چەندین پەرستراوی تر هەیە، چەندین گوێڕایەڵیکراوی تر هەیە، بەڵام پەرستراوی حەق هەر اللە یە. ئەوەتا رب العالمين باسی جۆرێکی پەرستراومان بۆ دەکات لە قورئاندا کە ناوی هەوا وئارەزوە.

کەواتە هەوا وئارەزوش دەبنە پەرستراو، پارە وپوڵ دەبنە پەرستراو.

* هەروەها هەندێکی تر ئەڵێن: «لا إله إلا الله» واتە: «لا حاكمية إلا لله»*، واتە: حوکم وحاکمیەت هەر بۆ خوایە.

---

* وەك یەکێکیان کە سەیید قوتبە لە تەفسیرەکەی خۆیدا لە تەفسیری سورەتی ئەنعامدا ئەڵێ: « «لا اله إلا الله» كما كان يدركها العربي العارف بمدلولات لغته: لا حاكمية إلا لله، ولا شريعة إلا من الله، ولا سلطان لأحد على أحد، لأن السلطان كله لله» في ظلال القرآن لسيد قطب -رحمه الله وغفر له- تفسير سورة الأنعام. بۆ زیاتر ناسینی ئەم کەسایەتیە بڕوانە نوسراوەکانی شێخ ربیع.

ڕاستە بەشێکە لە بەشەکانی «لا إله إلا الله»، ئەبێت هەر خوا حاکم بێت، وڵە بەشی ڕبوبیەت وئولوهیەتیشدا باسی هەیە، بەڵام ئەم ڕاڤەیە مەبەست نیە وبەسیش نیە. جا «لا إله إلا الله» بریتی نیە لە «لا حاکمیه إلا لله» ئەمەش نیشانەی زیادەڕۆیی کردنە لە پرسی حاکمیەت.

بەڵام ئێمەی شوێنکەوتوانی سەلەفی صالح -خوای مەزن بە فەزڵی خۆی لە شوێنکەوتەی ڕاستەقینەی ئەوانمان بگێڕێت- زیادەڕۆیی وکورتهێنان لەم پرسە وڵە هەر پرسێکی تریشدا پێ قبوڵ نیە، والله المستعان وعلیه التکلان وهو حسبي ونعم الوکیل.

تەنها ئەم هەڵانەشمان باسکرد چونکە لە کتێبەکان هەندێ جار تەفسیری «لا إله إلا الله» بەم شێوازانە دەکرێن.

ئایا وتنی «لا إله إلا الله» تەنها بە دەم خاوەنەکەی ڕزگار دەکات؟

هەر کەسێك بیەوێت بێتە نێو ئیسلامەوە ئەبێت بەدەم بیڵێت وبەدڵ بڕوا وقەناعەتی پێ هەبێت، هەرکەس کە بەدەمی گوتی: «لا إله إلا الله» ئیتر ئەوە نیە ڕاستەوخۆ بخرێتە بەهەشتەوە وڵە دۆزەخ ڕزگاری ببێت، بەڵێ پەیامبەری خوا - صلى الله عليه وآله وسلم- کە دەفەرموێ: «أَسْعَدُ النَّاسِ بِشَفَاعَتِي مَنْ قَالَ لَا إِلَهَ إِلاّ اللَّهُ خَالِصًا مِنْ قَلْبِهِ» هەورەها دەفەرموێ: «من قالَ لاإلَهَ إلا الله خالصاً من

قلبهِ دخل الجنة». واتە: هەرکەسێك بە پوختی وپاکی وخاڵصی لە دڵیەوە بڵێت: «لا إله إلا الله» ئەڕواتە بەهەشتەوە. کەواتە دەفەرموێ بە خالصی.

وەگەرنا خەڵکێکی زۆر دەیڵێن وهانە خواری خوارەوەی دۆزەخ، ئەوەتا مونافیقەکان دەیڵێن ودێنە نوێژی جەماعەت ولەگەڵ مسڵمانانیش نوێژیان دەکرد، تەنانەت پەیامبەر ویستی نوێژی جەنازە لەسەر یەکێکیان بکات، بەڵام رب العالمین دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الْمُنَافِقِينَ فِي الدَّرْكِ الْأَسْفَلِ مِنَ النَّارِ وَلَنْ تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا﴾ واتە: مونافیقەکان لە خواری خوارەوەی دۆزەخدان، لە خواری بێ باوەڕانەوەن، نوێژیشیان کردوە، «لا إله إلا الله» یشیان گوتوە، بەڵام چونکە بە دڵیەوە نەیان گوتوە، بڕوایان پێ نەبوە، قەناعەتیان پێ نەبوە، داخوازییەکانی ئەو وشەیەیان جێ بەجێ نەکردوە، یان دژەکانی «لا إله إلا الله» یان ئەنجامداوە، حاڵسان وای لێدێت.

ئەو کەسە بە وتنی «لا إله إلا الله» ڕزگاری دەبێت کە لە دڵەوە بڕوای پێی هەبێت، وهەرچی شتێك «لا إله إلا الله» دەیخوازێت جێ بەجێی بکات، وڕوکنەکانی «لا إله إلا الله» لە ڕەگی گیانیدا بچەقێنێت.

ڕوکنەکانی ئەوەیە وەك باسمان کرد، دو بەشە: نەفی وئیسپات، نەفی ئەوە دەکەیت کە هەرچی پەرستراوی تری غەیرە الله هەیە شایستەی پەرستن بێت، وئیسپاتی ئەوە دەکەیت کە هەر خوا سبحانە بە تاك تەنها شایستەی پەرستنە.

پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِنْ بِاللَّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَى لَا انْفِصَامَ لَهَا﴾ واتە: جا هەرکەس بێ بڕوابێت بە هەرچی تاغوت وبڕوا بە خوا بهێنێت ئەوا دەستی گرتوە بە «لا إله إلا الله»ەوە.

تاغوت چیە؟

«اسم جامع لكل مايعبد من دون الله» ناوێکی گشتگیرە هەرچی شتێك دەگرێتەوە کە دەپەرستێت وڕازیە بەو پەرستنەی، ئەوە تاغوتە، «الله»ی مەزن نەبێت..

﴿فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ﴾ ئەمەیان بەرامبەر «لا إله»ە.

﴿وَيُؤْمِنْ بِاللَّهِ﴾ ئەمەیان بەرامبەر «إلا الله»یە.

﴿فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَى لَا انْفِصَامَ لَهَا﴾ واتە: دەستی گرتوە بە «لا إله إلا الله»ەوە وپەیوەستە بەو حەبلەوە وپچڕانی بۆ نیە.

هەورەها خوای مەزن باسی ئیبراهیم دەکات -سەلات وسەلامی خوای لەسەر بێت- ﴿وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِ إِنَّنِي بَرَاءٌ مِمَّا تَعْبُدُونَ، إِلاّ الَّذِي فَطَرَنِي فَإِنَّهُ سَيَهْدِينِ، وَجَعَلَهَا كَلِمَةً بَاقِيَةً فِي عَقِبِهِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾ کە بە گەلەکەی خۆی وتوە:

ئەمن بەریئم لەوەی کە ئێوە دەیپەرستن، تەنها ئەو پەروەردگارەم نەبێت کە منی بەدیهێناوە هەر ئەو هیدایەتم دەدات.

تەماشا بکە: ﴿إِنَّنِي بَرَاءٌ مِمَّا تَعْبُدُونَ﴾ سەرەتا پاککردنەوە، سەرەتا نەفی کردن، سەرەتا لادانی هەرچی پەرستراوی تری غەیرە اللە هەیە، تەبەڕا دەکات لە هەمو پەرستراوەکانیان، ئەبێت هەرچی پەرەستراوێکی تری غەیرە اللە هەیە بێ باوەڕ بیت پێی، تەبەڕای لێ بکەی، ئەمەش نەفیەکە بو، بەرامبەری ﴿لا إله﴾.

ئەی ئیسباتەکە کامەیە؟

بریتیە لە: ﴿إِلاَّ الَّذِي فَطَرَنِي﴾ دەبینی پاشان ئیسپاتی پەرستراوێتی هەقی اللە دەکات، ئەڵێ: هەر ئەوە پەروەردگارە هەقە کە منی بەدیهێناوە، ئەمەش «إلا اللّٰه».

هەمو ئەمانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە عەرزم کردن، کە ناکرێت ئەم ڕستەیە بێ مانا بێت، ئاخر چۆن دەکرێت وشەیەك کە یاسا وڕێسا وبەرنامە وڕێبازی سەرجەم پەیامبەران بێت وکلیلی بانگەوازیان بێت، بەڵکو ئەگەر دینی سەرجەم پەیامبەران لە وشەیەکدا کۆ بکەیتەوە، ئەوا بریتی دەبێت لە وشەی «لا إله إلا اللّٰه»، کەچی کۆمەڵێك واتاشی لە خۆ نەگرتبێت؟!

خودای دانا وزانا لەوە گەورەتر وداناترە، هەرکەسێك بە وتنی وشەیەکی بێ واتا وبێ وتنی لە دڵەوە بەر نیعمەتی ئەو کەوێت وبە نەوتنی بەر خەشم وقینی ئەو بکەوێت، ئەگەر بێت وبەدڵەوە نەیگوتبێ وکۆمەڵێك داخوازی و واتا ولەوازم ومەرجی نەبێت.

ئەوەتانێ مونافیقین پەروەردگار باسی حاڵیانمان بۆ دەکات ودەفەرموێ:

﴿إِذَا جَاءَكَ الْمُنَافِقُونَ قَالُوا نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ اللَّهِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَكَاذِبُونَ﴾، واتە: کە مونافیقین هاتن بۆلات وتیان: ئێمە شایەتی دەدەین کە تۆ پەیامبەری خوایت، خواش دەزانێت کە تۆ پەیامبەری ئەویت، بەڵام خوا شاهیدە کە مونافیقان بەڕاستی درۆزنن.

بەڵکو ئەو شایەتیدانە نەك نایان باتە بەهەشتەوە، بەڵکو ئەیان باتە خوار خواری دۆزەخەوە، چونکەئەوەی بەدەم وتیان بەدڵیان نەبو.

بەڵێ، «لا إله إلا الله» بەرزترین پلەی ئیمانە « الإِيمَانُ بِضْعٌ وَسَبْعُونَ، أَوْ بِضْعٌ وَسِتّونَ شُعْبَةً، فَأَفْضَلُهَا (وَفِي رِوايَة: فَاَعلاَها) قَوْلُ لاَ إِلَهَ إِلاّ الله، وَأَدْنَاهَا إِمَاطَةُ الأَذَى عَنِ الطّرِيقِ، وَالْحَيَاءُ شُعْبَةٌ مِنَ الإِيمَانِ».

واتە: ئیمان حەفتا وقسور یان شەست وقسور بەشەی، باشترین ئیمان یان بەرزترین ئیمان: وتنی «لا إله إلا الله» یە. ونزمترین پلەی ئیمانیش لادانی ئێش ئازارە لە ڕێگای خەڵکدا وشەرم وحەیاش بەشێکە لە بەشەکانی ئیمان.

کەواتە بەرزترین پلەی ئیمانە، دەروزاەی بانگەوازی پەیامبەرانە، سەرەتا بە خەڵکیان وتوە: بڵێن «لا إله إلا الله»، ئەوەتا پەیامبەر دەبینی -صلى الله عليه وآله وسلم-، کە تازە ڕەوانە کراوە بە نێو بازەڕەکانی مەککەدا، لەکاتی هاتنی مەوسمی حەجدا، بە نێو خەڵکدا دەگەڕێ ودەفەرموێ: «قولوا لا إله إلا الله تفلحوا» بڵێن «لا إله إلا الله» سەرفراز دەبن.

هەمو پەیامبەرانیش سەلات وسەلامی خوایان لێبێت:

کە نوح -عليه السلام- نێردرا: ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَى قَوْمِهِ فَقَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ﴾.

﴿إِنَّا أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَى قَوْمِهِ أَنْ أَنْذِرْ قَوْمَكَ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ، قَالَ يَا قَوْمِ إِنِّي لَكُمْ نَذِيرٌ مُبِينٌ، أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاتَّقُوهُ وَأَطِيعُونِ﴾

کە هود -عليه السلام- نێردرا: ﴿وَإِلَى عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ أَفَلَا تَتَّقُونَ﴾.

کە صالح -علیه السلام- نێردرا: ﴿وَإِلَى ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ قَدْ جَاءَتْكُمْ بَيِّنَةٌ مِنْ رَبِّكُمْ﴾.

کە ئیبراهیم -علیه السلام- نێردرا: ﴿وَإِبْرَاهِيمَ إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاتَّقُوهُ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ﴾

کە شوعەیب -علیه السلام- نێردرا: ﴿وَإِلَى مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ قَدْ جَاءَتْكُمْ بَيِّنَةٌ مِنْ رَبِّكُمْ﴾.

کە عیسا -علیه السلام- نێردرا: ﴿وَقَالَ الْمَسِيحُ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اعْبُدُوا اللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ إِنَّهُ مَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنْصَارٍ﴾.

﴿مَا قُلْتُ لَهُمْ إِلاّ مَا أَمَرْتَنِي بِهِ أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ﴾.

بەڵکو هەمو پەیامبەران صەڵات وسەلامی خوایان لەسەر بێت:

﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ﴾

﴿فَأَرْسَلْنَا فِيهِمْ رَسُولًا مِنْهُمْ أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ أَفَلَا تَتَّقُونَ﴾.

بۆیە ئێستا سەیرت لێ نایەت ئەگەر بڵێین: لە پێناوی بە جێگەیاندنی «لا إله إلا الله» وعیبادەتی خۆی، خوای مەزن مەخلوقاتی دروستکردوە، وەکو دەفەرمووێت: ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلاَّ لِيَعْبُدُونِ﴾ جنۆکە ومرۆڤم دروست کردوە بۆ تەنها مەبەستێك بوە، ئەویش بۆ عیبادەت وپەرستشی خۆمە، ئا لێرەوە پێمان دەڵێت: ژیان لەبەر عیبادەتی خوا، بە تەنها ڕاگرتنی الله دروست کراوە.

﴿إِلاَّ لِيَعْبُدُونِ﴾یش واتە: «إلا ليوحدون» بۆ تەنها ڕاگرتنی خۆم، بۆ ئەوەی بە تەنها ڕوویان لە من بێت، کەواتە دونیا بۆ هیچ کەسێك دروست نەکراوە، بۆ هیچ مەبەستێکی تر دروست نەکراوە وەکو هەندێك دەڵێن: دونیا لەبەر خاتری پەیامبەر دروستکراوە، بۆ ئەم قسەشیان حەدیسێکی «موضوع - هەڵبەستراو» یش دێننە نەك «ضعيف - لاواز ».

حەدیسی هەڵبەستراویش ئەوە نیە سەنەدەکەی لاوازیەکی تێدا بێت، بەڵکو فەرمایشتەکە هەر درۆ وهەڵبەستراوە.

جا ئەڵێن پەیامبەری خوا فەرمویەتی: خوای تعالی فەرمویەتی: «لولاك لولاك ما خلقت الأفلاكَ»، واتە: ئەگەر تۆ نەبوایە، لەبەر خاتری تۆ نەبوایە، ئەی موحەمەد کەون وکائینات وگەردونم دروست نەدەکرد.

ئەم قسەی منیش تەنەقوص نیە وکەمکردنەوەی پایە نیە وبەچاوی کەم تەماشاکردنی پەیامبەر نیە -صلى الله عليه وآله وسلم-، بەڵکو ئەمە هەقی خۆ پێدانە، وەگەرنا پەیامبەری خوا -صلى الله عليه وآله وسلم- ئەوەش دێنی خوا سبحانە دونیای لەپێناودا دروست بکات، بەڵکو خوای تعالى ئەوەی لە زەویدا هەیە لە بۆ ئادەمیزادەکان دروستی کردوە تا عیبادەتی بکەن، باشترین مرۆڤیش پەیامبەری خوایە -صلى الله عليه وآله وسلم-. بەڵام کێشەکە لە درۆکردنە بەدەم پەیامبەری خواوە -صلى الله عليه وآله وسلم- ، کێشەکە لە زیادەڕۆیی کردنە لە پەیامبەری خوا -صلى الله عليه وآله وسلم- وەکو گاورەکان کە زیادەڕۆییان کرد لە عیسای مەسیح -عليه السلام-. ئا ئەمە خراپە ودەکرێت پێی بڵێی ڕقی لە پەیامبەرە، ئەوەتانێ خۆشەویستمان، نوری چاومان -صلى الله عليه وآله وسلم- لەسەرە مەرگدایە ولە دوا ساتەکانی تەمەنی پیرۆزی پڕ تێکۆشان وماندونەناسی خۆیدایە دەفەرمووێت: «**لاَ تُطْرُونِي** -بە ضە ممی تائەکە- كَمَا أَطْرَتِ النَّصَارَى عِيسَى بْنَ مَرْيَمَ ، وَلَكِنْ قُولُوا : عَبْدُ اللهِ وَرَسُولُهُ » زیادەڕۆییم لێمەکەن، لە ستایشکردنم سنور مەبەزێنن، مەدحم مەکەن زیاتر لە هەقی خۆم، وەکو چۆن گاورەکان زیادەڕۆییان کرد لە عیسای کوڕی مەریم، بەڵکو بڵێن: بەندە وپەیامبەری خوا.

دەبێت ئەوەش بڵێین: لە سنوری خۆی کەمتریش تاوانێکی گەورەیە و وەکو دژەکەی وایە.

جا کە دەفەرموێ: بڵێن: بەندەی خوا، بۆ ئەوەی نەبرێتە ڕیزی خواوە وسیفاتی خوای پێ نەدرێت -سبحانه-.

کە دەشفەرموێت: بڵێن: پەیامبەری خوا، بۆ ئەوەی کەمتەرخەمی لە ئاست نەکرێت و وەکو پەیامبەر ونێرداوێکی خوا پلە وپایە وهەقی خۆی پێ بدەین.

خوای مەزن لە ئەهلی ناوەندمان الوسطمان بگێڕێت.

بەڵام ئەو ترسەی پەیامبەر -صلى الله عليه وآله وسلم- لەسەرە مەرگدا لە هیچەوە نەهات، بەڵکو لە عیلمەوە بو ودەیزانی خەڵکانێك دێن لە ئومەتەکەی زیادەڕۆیی وکەمتەرخەمی لە ئاست دەکەن.

ئەوەتا بوصەیری لە بوردەکەیدا ئەڵێ:

وكيف تدعو إلى الدنيا ضرورة من لولاه لم تخرج الدنيا إلى العدم

دع ما أدعته النصارى في نبيهم واحكم بما شئت مدحا فيه واحتكم

وكل آي أتى الرسل الكرام بها فإنما اتصلت من نوره بهم

وكلهم من رسول الله ملتمس غرفا من البحر أو رشفا من الديم

أقسمت بالقمر المنشق أن له من قلبه نسبة مبرورة القسم

ما سامني الدهر ضيما واستجرت به إلا ونلت جوارا منه لم يضم

ولا التمست غني الدارين من يده إلا استلمت الندى من خير مستلم

يا خير من يمم العافون ساحته سعيا وفوق متون الأينق الرسم

خدمته بمديح استقيل به ذنوب عمر مضى في الشعر والخدم

إن آت ذنبا فما عهدي بمنتقض من النبي ولا حبلى بمنصرم

فإن لي ذمة منه بتسميتي محمدا وهو أوفى الخلق بالذم

إن لم تكن في معادى آخذا بيدي ... فضلا وإلا فقل يا زلة القدم

حاشاه أن يحرم الراجي مكارمه ... أو يرجع الجار منه غير محترم

ومنذ ألزمت أفكاري مدائحه ... وجدته لخلاصي خير ملتزم

ولن يفوت الغني منه يدا تربت ... إن الحيا ينبت الأزهار في الأكم

يا أكرم الخلق مالي من ألوذ به ... سواك عند حدوث الحادث العمم

ولن يضيق رسول الله جاهك بي ... إذا الكريم تجلى باسم منتقم

فإن من جودك الدنيا وضرتها ... ومن علومك علم اللوح والقلم(*)

(*) بڕوانە دیوانی بوصەیری ل ٢٤٠ - ٢٤٨ لەو شیعرەوەی کە مەشهورە بە بوردە.

لەو هەمو زیادەڕۆییانەی سەرەوە یەکێکیان بە نمونە کە ئەڵێ:

«ومن علومك علم اللوح والقلم» هەندێك لە زانستەکانی تۆ، بەشێك لە زانستەکانی تۆ ئەی موحەممەد زانستی لەوح وقەڵەمە.

لەوحیش واتە: دەزانی چی لە لەوح المحفوظدا هاتوە، لە کاتێکدا خوای متعال جل جلاله ئەفەرموێ: ﴿قُلْ لَا يَعْلَمُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلاّ اللَّهُ وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ﴾ هەرچی لە ئاسمان وزەویدایە شتە پەنهان وغەیبیەکان نازانێت تەنها خودی اللە نەبێت سبحانه به تەنها.

لەوح المحفوظیش لای خۆیەتی وپاراستویەتی، تەنانەت مەلائیکەتە نزیکەکانیش لێی نازانن.

جا دونیا لەبەر خاتری عیبادەتکردنی اللە جل جلاله دروستکراوە، مۆخی عیبادەت ومەبەست لە عیبادەتیش بریتیە لە تەوحیدی خوا، بە تەنها ڕاگرتنی اللە جل جلاله.

مەرجەکانی «لا إله إلا الله»[1]

بە داخەوە ئەڵێم زۆربەی موسڵمانان نازانن مەرجەکانی «لا إله إلا اله» چیە، ئەبێت چۆن بیڵێ تا لە قیامەت ڕزگاری ببێت.

کە دەڵێم مەرجەکانی «لا إله إلا اله» واتە: هەرکەس بنەمای ئەو مەرجانەی تێدا نەبێت شایەتومانەکەی سودی پێ ناگەیەنێت.

زانایانیشمان ڕەحمەتی خوایان لێبێت لە شیعرێکدا کۆیان کردۆتەوە:

وبشروط سبعة قد قيدت وفي نصوص الوحي حقاً وردت

فإنَّه لا ينتفع قائلها بالنطق إلا حيث يستكملها

العلم واليقين والقبول والانقياد فادرِ ما أقول

[1] پرسیاریان لە شێخ عبد المحسن العباد کرد -حفظه الله-: «هل شروط لا إله إلا الله شروط صحة أم شروط كمال؟» ئەویش لە وەڵامدا فەرموی: «شروط «لا إله إلا الله» شروط صحة، لأن الإنسان لا يحصل منه الإيمان إلا بها كلها، مثل: القبول المنافي للرد واليقين المنافي للشك، فإذا حصل الرد أو حصل الشك أو حصل التكذيب فهذا يدل على عدم حصول الإيمان» اهـ من شرحه على أبي داود.

زانست ودڵنیایی و وەرگرتنی وملکەچی، سوربە بۆ تێگەشتنی

والصدق والإخلاص والمحبة وفقك الله لما أحبه وبه ڕاستگۆیی وئیخلاص خوا مۆفەقتکا بۆ کارپێکردنی وخۆشویستنی

یەکەم: العلم «زانست» کە دژی نەزانین بێت بە ماناکانی

موسڵمان ئەبێت زانستی هەبێت بە هەقیقەتی «لا إله إلا الله»، بزانێت «لا إله إلا الله» واتای چیە.

کەسێك بڵێت «لا إله إلا الله» و واتاکەی نەزانێت، بێ سودە.

ئەوەتا رب العالمين بە پەیامبەر -صلى الله عليه وآله وسلم- دەفەرموێت: ﴿فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ﴾ بزانە کە خوا پەرستراوی هەقە وهیچ شەریك وهاوەڵێکی نیە، لەواتاکەی تێبگە.

پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿إِلاَّ مَنْ شَهِدَ بِالْحَقِّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ کەواتە شاهیدی ئەبێت بە هەق بێت وزانستی هەبێت.

کەتۆش شایەتی دەدەیت هەر خوا پەرستراوی هەقە، ئەبێت بە زانستەوە شاهیدی بدەیت نەك شایەتی بدەیت لەسەر شتێك کە نازانی چیە ویانی چی.

هەروەها دەفەرموێ: ﴿هَذَا بَلَاغٌ لِلنَّاسِ وَلِيُنْذَرُوا بِهِ وَلِيَعْلَمُوا أَنَّمَا هُوَ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ وَلِيَذَّكَّرَ أُولُو الْأَلْبَابِ﴾ واتە: ئەم پەیامە بۆ ئەوەیە بزانن کە هەر یەك پەرستراو هەیە.

ئەبێت لەو نەفی وئیسپاتەی باسمان کرد بە باشی تێبگەی، «لا إله» نەفیە هەرچی معبود «پەرستراو»ێکی غەیرە خوا هەیە تەبەڕای لێدەکەی وکوفری پێدەکەیت، «إله»یش «فِعَالْ»ە بە واتای «مَفْعول» یانی: «مَأْلوه- پەرستراو »، «الإلهة»ش چاوگی «أَلَه يَأْلَهُ إِلَهَةً وأُلُوهَةً»یە بەکاردەهێنرێ بۆ پەرستن لەگەڵ خۆشویستن وملکەچی.

کەواتە وشەی «الإله» یانی «معبود»، و«الإلهة والألوهية»یش یانی «العبودية- پەرستن» ئەگەر خۆشویستن وملکەچی وڕەزامەندی لەگەڵدا بێت.

کەواتە «الإله» ئەوەیە کە دەپەرستێت لەگەڵ خۆشویستن وملکەچ بون وڕازی بون.

ئەم ڕاڤەیشمان بە پشت بەستن بە زمانی عەرەبی کردوە، وئەمەش لە ڕاسترین ڕاڤەکانە.

بەڵگەش بۆ ئەمە هاتنی وشەی «إلَه»ـە بە واتای عیبادەت لە قورئاندا، وەکو لە سورەتی ئەعرافدا هاتوە، بە پێی قیرائەتەکەی ئیبن عەببباس: ﴿وَيَذَرَكَ وَإِلَهَتَكَ﴾ ياني: ويذرك وعبادتك.

ئەبێت ئاوها لە واتاکەی تێبگەیت, ئەڵێیت «لا إلَهَ إلا الله» وناشزانی ئەڕۆیت هاوار لە قەبر ولە گۆڕ ولە شەخص ولە دار ولە پەڕۆ دەکەیت، وهانایان بۆ دەبەیت ولێیان دەپارێیتەوە، ئەوە تێنەگەیشتنە، ونەبونی زانستە بە «لا إلَهَ إلا الله».

بۆیە پێشەوامان شافیعی -رحمه الله- دەفەرموێ: پێویستە لەسەر هەمو موسڵمانێك ئەوەندە لە زمانی عەرەبی فێر ببێت کە دەتوانێت، بۆ ئەوەی بتوانێت پێی شایەتومان بهێنێت وبڵێت لا إله إلا الله محمد رسول الله وپێی قورئان بخوێنێت.

بۆیە بوخاری ناونیشانی بەشێکی صەحیحەکەی بەم ناونیشانەوە داناوە: «بَاب الْعِلْمُ قَبْلَ الْقَوْلِ وَالْعَمَلِ» بەشی: زانست لە پێش گوفتار وکردارەوەیە. مەبەستی ئەوەیە ئەبێت پێش هەر قسە وئیش وکارێك زانستت هەبێت، یانی مەرجی دروستێتی هەرچی گوفتار وکرداره وحیسابی بۆ ناکرێت هەتا زانستی لەگەڵ نەبێت ﴿قاله العيني﴾.

جا ئایەتێك بە بەڵگە دەهێنێتەوە کە پەروەردگار بە پەیامبەر صلى الله عليه وآله وسلم دەفەرموێ: بزانە کە ئەوە لا إله إلا الله یە، ﴿فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ﴾

شیخ الإسلام ئیبن تەیمیەش دەفەرموێ: «فمن شرط الإيمان وجود العلم التام» واتە: «لە مەرجەکانی ئیمان، بونی زانستێکی تەواوە»

توخخوا پێم بڵێن:

هاوار لە قەبر وڵە گۆڕ وڵە شەخص وڵە دار وڵە پەڕۆ کردن، وهانا بۆ بردنیان وپارانەوە لێیان، باوەڕ بون پێیان کە خۆیان زیان وقازانج دەگەیەنن، ئەمە لەگەڵ بت پەرەستیدا جیاوازی چیە؟

وردبنەوە: بە بەردێك، بە پەڕۆیەك... دەڵێت ئەمە موقەیەتی منداڵەکەم دەکات، ئەمە موقەیەتی سەیارەکەم دەکات، فلان کەس وشەخص دەمپارێزێت ودەتپارێزێت، ئەویان منداڵ دەبەخشێت، ئەویان بیەوێ باران دەبارێنێت، ئەویان بەخت دەکاتەوە وئەویان بەخت دەبەستێت!! ئەی خودای بەرز ومەزن ودانا وتوانا.

بێ باوەڕانی قوڕەیشیش هەر وایان دەوت، ئەیانوت: ئەم بتانە موقەیەتیمان دەکەن، دەمان پارێزن.

ئەوەی ئەوان بێ زمانە وئەوەی خۆشمان بێ زمان.

کەواتە ئەبێت وریابین ولە واتای «لا إله إلا الله» تێبگەین.

ئەی عیبادەت چیە؟

زانایانمان دەفەرمون: «اسم جامع لكل ما يحبه الله ويرضاه من الأقوال والأعمال الظاهرة والباطنة»، ناوێکی گشت گیرە بۆ هەرشتێك بەکاردێت خوا سبحانه- حەزی لێبکات وخۆشی بوێت، کردار یان لە گوفتار بێت، دیار، یان شاراوە بێت، واتە: کردارەکانی دڵ بێت «أعمال القلوب» یان کردارەکانی لاشە «أعمال الظاهر»، بەمانە هەموی عیبادەت ئەوترێت.

کەواتە عیبادەت هەر تەسبیحات نیە، عیبادەت هەر نوێژ نیە، هەر ڕۆژو نیە، بەڵکو هەرچی خوا سبحانه- پێی خۆش بێ عیبادەتە.

مادام عیبادەتە، کەواتە ئەبێت تەنها بۆ خوا بێت، لەو جۆرانەی عیبادەتیش:

هاوارکردن، وپاڕانەوە، وفریاد ڕەسی، وکۆمەك ڕەسی، وداوای یارمەتی کردن و...هتد، هەمو ئەمانە عیبادەتن، ئەبێت تەنها بۆ الله جل جلاله- بکرێن.

جا ئەگەر قورئان بخوێنیتەوە هەر لە «فاتیحا»وە بۆ «الناس» تەماشا ئەکەیت زۆربەی سەرزەنشتی خوا جل جلاله- بۆ پەرستراوەکانی قوڕەیش، لەسەر هاوارکردنە بەو بتانە.

سەرنج بدەن من نالێم تەنها یەك جۆر شرك هەیە وئەویش هاوارکردنە غەیرە خوایە سبحانه-، بەڵکو دەڵێم: زۆربەی سەرزەنشتەکانی الله جل جلاله- بۆ موشریکەکانی قوڕەیش لەسەر هاوارکردنە بە ئەو بتانە.

کەواتە هاواردن عیبادەتە وبوەتە هۆی ئەوەی خوا جل جلاله- زەمی کافرەکانی قریش بکات لەسەری، کە هاواریان پێدەکەن وسود وزیانیان نیە.

هەروەها ئەبێت ئومێدمان هەر بە الله هەبێت، چونکە ئومێد بون عیبادەتە، خۆ ئەگەر هاتو مرۆڤ ئومێدی بە شەخصێك هەبو، ئەوا شیرکی بۆ خوا قەرارداوە.

ترسان عیبادەتە ئەبێت مرۆڤ تەنها ترسی لە خوا سبحانه- هەبێت، ئەگەر ترسی لە غەیرە خوا هەبو ئەوا شیرکی بۆ خوا سبحانه- قەرار داوە، ترسی لە شەخصێك، لە دارێك هەبو کە زەرەری لێبدات، بڵێ: قسەی پێ بکەیت چاوت کوێر دەکات، قسەی پێ بکەیت شتێکت پێدەکات، ئەمانەش شیرك بۆ خوا قەراردانە.

جا تێنەگەیشتن لە «لا إله إلا الله» ڕۆژگارمانی بەم حاڵە گەیاندوە، کە تێنەگەیشتین لێی، ئەوسا شیرك قەراردان باڵ بەسەر ژیان وگوزەرانی خەڵکدا دەکێشێت، ئەوسا شیرکمان لێ دەبێتە داخوازیەکانی «لا إله إلا الله».

بەڵکو هەمو گەلێك کە زانستیان بە «لا إله إلا الله» نەبو بێت، توشی شیرك هاتون بێگومان:

ئەوە گەلی موسایە علیه السلام- هەر کە پەروەردگار لە دەریاکە دەیان پەڕێنێتەوە، ئەوسا بەلای خەڵکانێکدا تێپەڕدەبن کە خەریکی پەرستنی بتەکانی خۆیانن، بۆیە بە موسا دەڵێن: ﴿اجْعَلْ لَنَا إِلَهًا كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ﴾ ئەی موسا پەرستراوێکمان بۆ دابنێ وەکو چۆن ئەوان پەرستراوێکیان هەیە، ئەویش فەرموی: بەڕاستی ئێوە میللەتێکی نازانن.

تەنانەت لە جەنگی حونەیندا هەندێك لە هاوەڵانی پەیامبەر صلى الله عليه وآله وسلم کە تازە موسڵمان بون، بە هۆی کەمی شارەزاییان داوای هەمان شتیان لە پەیامبەر کرد -صلى الله عليه وآله وسلم-، ئەوەتا لە سونەنی تورمزیدا هاتوە وئەلبانی بەصحیحی زانیوە، ئەبو واقیدی لەیسی ئەڵێ:

«خَرَجْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم إِلَى حُنَيْنٍ وَنَحْنُ حَدِيثُو عَهْدٍ بِكُفْرٍ-وَكَانُوا أَسْلَمُوا يَوْمَ الْفَتْحِ-، قَالَ فَمَرَرْنَا بِشَجَرَةٍ [وفي رواية: بِسِدْرَة لِلْمُشْرِكِين

يُقَال لَهَا: ذَاتُ أَنْوَاط يُعَلِّقُونَ عَلَيْهَا أَسْلِحَتهم وَيَعْكُفُونَ حَوْلَهَا]، فَقُلْنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ اجْعَلْ لَنَا ذَاتَ أَنْوَاطٍ كَمَا لَهُمْ ذَاتُ أَنْوَاطٍ، فَلَمَّا قُلْنَا ذَلِكَ لِلنَّبِيِّ صلى الله عليه وسلم، قَالَ: اللَّهُ أَكْبَرُ [وَفِي رِوايَة: سُبْحَان الله] وَقُلْتُمْ وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ كَمَا قَالَتْ بَنُو إِسْرَائِيلَ لِمُوسَى ﴿اجْعَلْ لَنَا إِلَهًا كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ﴾، [فِي رِوايَة: إِنَّها السُّنَن] لَتَرْكَبُنَّ سُنَنَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ »

واتە: «لەگەڵ پەیامبەری خوادا صلى الله عليه وسلم دەرچوین بۆ جەنگی حونەین، جا تازە موسڵمان بو بوین -لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا موسڵمان بو بون- ئەڵێ: تێپەڕ بوین بەلای دار سیدرە «دار کەنار-نەبك» یەکی هاوبەش پەیدا کەرەکان کە پێیان دەوت: شت پیا هەڵواسەر چەك وشتیان پیا هەڵدەواسی [بۆ تەبەڕك] ولای دەمانەوە، وتمان: ئەی پەیامبەری خوا صلى الله عليه وآله وسلم تۆش ئاوها شت پیا هەڵواسەرێکمان بۆ دابنێ وەکو چۆن ئەوان دارێکیان هەیە وشتی هەدڵدەواسن، هەرکە ئەوەمان بە پەیامبەر صلى الله عليه وآله وسلم وت، فەرموی: الله أكبر (لە ڕایەتێکدا: سبحان الله)، سوێند بەوەی نەفسمی بەدەستە، ئەوەتان وت کە بەنی ئیسرائیل بە موسایان علیه السلام وت: ﴿اجْعَلْ لَنَا إِلَهًا كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ﴾ ئەمە هەمان ڕێبازی ئەوانەی پێش خۆتانە، سوێند بێت شوێنی ڕێبازی ئەوانەی پێش خۆتان دەکەون.

بۆیە زۆر پێویستە وزەروورە زانستمان بە واتاکانی «لا إله إلا الله» هەبێت.

جا هەرکەسێك بمرێت وزانستی هەبێت بە «لا إله إلا الله» وبە زوبانیشی گوتبێتی ئەڕواتە بەهەشتەوە.

پەیامبەر -صلى الله عليه وآله وسلم- دەفەرموێت: «مَنْ مَاتَ وَهُوَ يَعْلَمُ أَنْ لاَ إله إلاّ الله دَخَلَ الجَنَّةَ».

واتە: هەر کەسێك بمرێت وبزانێت کە هیچ پەرستراوێکی تری هەق نیە وشایستەی پەرستن بێت جگە لە اللە، ئەوا ئەڕواتە بە هەشتەوە.

ئەمەش مەنطوقی حەدیسەکەیە.

یانی هەرکەسێك بمرێت ونەزانێت وعیلمی بە واتاکەی نەبێت دەڕواتە دۆزەخەوە، ئەمەش مەفهومی حەدیسەکەیە.

دووەم: الصدق - بەڕاستگۆیانە بیلّێت «کە دژی بەدڕۆوە وتنە»

الصدق بە کوردی واتە: ڕاستگۆیی، ومانای «مگابەقە»شی تێدایە، واتە: ئەوەی بەدەم دەیلّێت موتابەقە و وەکو ئەوە بێت کە لە دڵیدایە، واتا: سنگ دەمت لە وتنی «لا إله إلا الله» وەکو یەك بێت.

یانی ئەگەر بۆ موجامەلە بێت یان بۆ ترس یان بۆ بەرژەوەندی دونیا ڕاستگۆ نەبوە.

هەر بۆیە بە شایەتومان دەگوترێت: «كلمة الصدق»

ئەمەش کەسی ڕاستگۆیە، واتە: کەسێك ڕاستگۆ وصادق نیە ئەوەی کە لە ناخیایەتی دژەکەی بەدەم بڵێت، یان ئەوەی بەدەمی دەیڵێت دژی ئەوەیە کە لە ناخیدایە، ئەم جۆرە کەسە سود لە وتنی «لا إله إلا الله» نابینێت.

وئایەتی: ﴿وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَى﴾ بە «وصدق بلا إله إلا الله» ڕاڤە کراوە.

هەروەها پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿الم، أَحَسِبَ النَّاسُ أَنْ يُتْرَكُوا أَنْ يَقُولُوا آمَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ، وَلَقَدْ فَتَنَّا الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ فَلَيَعْلَمَنَّ اللَّهُ الَّذِينَ صَدَقُوا وَلَيَعْلَمَنَّ الْكَاذِبِينَ﴾

پەیامبەری خوا -صلى الله عليه وآله وسلم- دەفەمەرموێت: -وەکو لە حەدیسەکەی ئەنەس هاتوە لە موعازەوە ونەیگێڕاوەتەوە تا نزیك سەرەمەرگ، کە لە سەرجێگەی مردن خۆی بینیوە، ئەوسا ترسا ئەمە دواساتەکانی تەمەنی بێت، جا ئەنەس فەرموی:- «أَنَّ النَّبِيَّ صلى الله عليه وسلم وَمُعاذٌ رَدِيفُهُ عَلى الرَّحْلِ، قَالَ: يا مُعاذُ بْنَ جَبَلٍ قَالَ: لَبَّيْكَ يا رَسُولَ اللهِ وَسَعْدَيْكَ، قَالَ: يا مُعاذُ قَالَ: لَبَّيْكَ يَا رَسُولَ اللهِ وَسَعْدَيْكَ ثَلاثًا، قَالَ: ما مِنْ أَحَدٍ يَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا

رَسُولُ اللهِ صِدْقًا مِنْ قَلْبِهِ إِلاّ حَرَّمَهُ اللهُ عَلى النَّارِ قَالَ: يا رَسولَ اللهِ أَفَلا أُخْبِرُ بِهِ النَّاسَ فَيَسْتَبْشِروا قَالَ: إِذًا يَتَّكِلُوا وَأَخْبَرَ بِها مُعاذٌ عِنْدَ مَوْتِهِ تَأَثُّما».

«موعاز لە پشتی پەیامبەری خواوە -صلى الله عليه وسلم- لەسەر پشتی ئاژەڵێك سەرکەوتبو، فەرموی: ئەی موعاز، ئەویش وتی: بەڵێ ئەی پەیامبەر گوێم لێتە وگوێڕایەڵتم، دیسانەوە فەرموی: ئەی موعاز، ئەویش وتی: بەڵێ ئەی پەیامبەر گوێم لێتە وگوێڕایەڵتم، تا سێ جار، فەرموی: هیچ کەسێك نیە شایەتی بدات کە هیچ پەرستراوێك نیە بە هەق تەنها اللە نەبێت، وموحەمەد نێردراوی خوایە، بە صادقی وڕاستگۆیانە ئەمە لە دڵیەوە بڵێ، ئیللا خوا سبحانه- لەسەر دۆزەخ حەرامی دەکات بیخوات، ئەویش وتی: ئەی پەیامبەری خوا صلى الله عليه وسلم، ئایا ئەمە بە خەڵك نەڵێم، تا دڵیان پێ خۆش بێت ،فەرموی: کەوابو پاڵی لێ دەدەنەوە، کە موعازیشی گێڕایەوە لە کاتی مردنیادا بو لە ترسی تاوانباریدا گێڕایەوە —یانی لە ترسی ئەوەی حەدیسێکی شاردۆتەوە وتاوانبار دەبێت».

جا ئەبێت بە صادقی وڕاستگۆیانە لە دڵیەوە بیڵێت «صدقاًمن قلبه» دژی درۆیە، واتا: بەدرۆوە نەیڵێت، بۆ موجامەلەی کەس نەیڵێت، لەبەر خاتری کەس نەیڵێت، لەبەرخاتری بەرژەوەندی دونیا نەیڵێت، بە ڕاستگۆیانە لە دڵەوە بیڵێت.

واتە: دژی شایەتمانی مونافیقەکان بێت، چونکە ئەوان لەبەر خاتری بەرژەوەندی وبە درۆوە دەیڵێن.

«صدق-ڕاستگۆیی»ش پلەیەکە لە پلە هەرە بەرزەکان، تەنانەت رب العالمین دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَكُونُوا مَعَ الصَّادِقِينَ﴾ واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە پارێزکاربن ولەگەڵ صادقەکاندا بن، تەماشا دەکەست ئەوەندە پلەیەکی بەرزە، پێمان دەفەرموێت لەگەڵ صادقەکاندا بن.

بەڵکو رب العاالمین باسی قیامەت دەکات ودەفەرموێت: ئەمڕۆ ڕۆژێکە تەنها خەڵکە ڕاستگۆکە ڕاستیەکەیان سودیان پێ دەگەیەنێت، ﴿هَذَا يَوْمُ يَنْفَعُ الصَّادِقِينَ صِدْقُهُمْ﴾ ئەمە ڕۆژێکە تەنها صادقین تیایدا بردویانەتەوە بە هۆی ڕاستیەکانیانە، بۆیە ئەبێت صادق بین بۆ ئەوەی لە قیامەتدا ئەو شایەتمانەی کە هێناومانە سودمان پێ بگەیەنێت.

مەرجی سێیەم: الیقین، بە دڵنیایی ودڵنۆقرەییەوە بیڵێت، «کە دژی گومان ودو دڵیە»

الیقین، واتا دڵنیایی ودڵنۆقرەیی، ونەمانی گومان ودو دڵی.

بەڕێزەکان...

ئەبێت ئەوپەڕی یەقین ودڵنیابێت، لە «لا إله إلا الله» واتاکانی وهەمو ئەو شتانەی لە خۆی دەگرێت.

ئەبێت: دڵنیا ودڵئۆقرە بیت کە هەر اللە پەرستراوی هەقە.

ئەبێت: دڵنیا ودڵئۆقرە بیت کە هەر چی پەرستراوی تری جگە لە اللە هەیە باتڵ وپوچن.

ئەبێت: دڵنیا ودڵئۆقرە بیت کە هەر موحەمەد صلى الله عليه وآله وسلم، تاکە ڕێگای گەیشتنە بە خوا.

ئیمانداری ڕاستەقینە کاتێك ئەڵێت «لا إله إلا الله»، بە یەقینەوە، بەوپەڕی دڵنارامیەوە، بە دڵئۆقرەییەوە ئەیڵێت، بەڵام موناڤیق لە گومانداید، لە دو دڵیدایە، ڕاڕایە.

جا دڵئۆقرەیی ویەقین وبێگومانی سیفەتی هەمیشەیی موسڵمانە، وەکو چۆن گومان ودو دڵی سیفەتی هەمیشەیی بێ باوەڕ ومنافقانە.

خوای گەورە لە بارەی بێباوەڕ ومنافیقەکانەوە دەفەرموێت: ﴿بَلِ ادَّارَكَ عِلْمُهُمْ فِي الْآخِرَةِ بَلْ هُمْ فِي شَكٍّ مِنْهَا بَلْ هُمْ مِنْهَا عَمُونَ﴾. هەروەها دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا يَسْتَأْذِنُكَ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَارْتَابَتْ قُلُوبُهُمْ فَهُمْ فِي رَيْبِهِمْ

يَتَرَدَّدُونَ﴾ هەروەها دەفەرمویّت: ﴿وَإِذَا قِيلَ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ وَالسَّاعَةُ لاَ رَيْبَ فِيهَا قُلْتُمْ مَا نَدْرِي مَا السَّاعَةُ إِنْ نَظُنُّ إِلاّ ظَنًّا وَمَا نَحْنُ بِمُسْتَيْقِنِينَ﴾.

بەڵکو هەر لە دێر زەمانەوە گومان ودو دڵی بە میرات بۆ بێباوەڕان ومونافیقەکان بە جێماوە، ئەوەتا پەروەردگار باسی پەیامبەر صالّیح علیه السلام وگەلەکەی دەگات ودەفەرمویّت: ﴿قَالُوا يَا صَالِحُ قَدْ كُنْتَ فِينَا مَرْجُوًّا قَبْلَ هَذَا أَتَنْهَانَا أَنْ نَعْبُدَ مَا يَعْبُدُ آبَاؤُنَا وَإِنَّنَا لَفِي شَكٍّ مِمَّا تَدْعُونَا إِلَيْهِ مُرِيبٍ﴾.

هەروەها باسی گەلی موساش دەکات علیه السلام: ﴿وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ فَاخْتُلِفَ فِيهِ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِنْ رَبِّكَ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ وَإِنَّهُمْ لَفِي شَكٍّ مِنْهُ مُرِيبٍ﴾

بەڵکو ئەمە سیفەتی هەمو بێباوەڕ ومونافیقەکان بوە هەر لە نوحی دوای ئادەم تا خاتەم: ﴿أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَبَأُ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ قَوْمِ نُوحٍ وَعَادٍ وَثَمُودَ وَالَّذِينَ مِنْ بَعْدِهِمْ لَا يَعْلَمُهُمْ إِلاّ اللَّهُ جَاءَتْهُمْ رُسُلُهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ فَرَدُّوا أَيْدِيَهُمْ فِي أَفْوَاهِهِمْ وَقَالُوا إِنَّا كَفَرْنَا بِمَا أُرْسِلْتُمْ بِهِ وَإِنَّا لَفِي شَكٍّ مِمَّا تَدْعُونَنَا إِلَيْهِ مُرِيبٍ * قَالَتْ رُسُلُهُمْ أَفِي اللَّهِ شَكٌّ فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ يَدْعُوكُمْ لِيَغْفِرَ لَكُمْ مِنْ ذُنُوبِكُمْ وَيُؤَخِّرَكُمْ إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى قَالُوا إِنْ أَنْتُمْ إِلاّ بَشَرٌ مِثْلُنَا تُرِيدُونَ أَنْ تَصُدُّونَا عَمَّا كَانَ يَعْبُدُ آبَاؤُنَا فَأْتُونَا بِسُلْطَانٍ مُبِينٍ﴾

لەم خەوی گومان ودو دڵیەش بێدار نابنەوە هەتا قیامەت: ﴿أَلْقِيَا فِي جَهَنَّمَ كُلَّ كَفَّارٍ عَنِيدٍ * مَنَّاعٍ لِلْخَيْرِ مُعْتَدٍ مُرِيبٍ﴾ کە خرانە دۆزەخەوە، کە سزا وخەشم وتوڕەیی خوایان بینی ئەوسا ئەڵێن: ﴿رَبَّنَا أَبْصَرْنَا وَسَمِعْنَا فَارْجِعْنَا نَعْمَلْ صَالِحًا إِنَّا مُوقِنُونَ﴾ خوایە یەقینمان پەیدا کردوە وبمانگێڕەوە تا کاری چاکە بکەین، بەڵام تازە کار لە کار ترازاوە.

خوایە بە فەزڵ وکەرەمی خۆت لە دو لێ وگومان بمانپارێزی وبەقینمان پێ ببەخشی.

لە بەرامبەریشدا وەسفی ئیمانداران دەکات بە دڵنیایی ودڵئۆقرەیی:

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿الم * ذَلِكَ الْكِتَابُ لَا رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِلْمُتَّقِينَ﴾ تا ئەوەی ئەفەرموێ: ﴿وَبِالْآخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ﴾.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أُولَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ﴾.

واتە: تەنها ئەمانەن ئیمانداری ڕاستەقینە،کە بڕوایان بە خوا جل جلاله وبە پەیامبەر هەیە، صلى الله عليه وسلم، ﴿ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا﴾ پاشان گومان ناکەوێتەو دڵینەوە وتوشی دو ودڵی نابن، یەقینیان هەیە بەو خوایەی بڕوای پێ دەهێنن، بەو

ئاخیرەتەی کە بڕوایان هێناوە بۆی دەگەڕێنەوە، بەو شایەتمانەی کە دەیهێنن، بەو ئیسلامەی کە بڕوایان پێ هێناوە.

بەڵکو مەبەست لە تاقیکردنەوەی دونیا بۆ ئەوەیە یەقیندار وگوماندار لێك جیا بکرێتەوە:

﴿وَلَقَدْ صَدَّقَ عَلَيْهِمْ إِبْلِيسُ ظَنَّهُ فَاتَّبَعُوهُ إِلاَّ فَرِيقًا مِنَ الْمُؤْمِنِينَ * وَمَا كَانَ لَهُ عَلَيْهِمْ مِنْ سُلْطَانٍ إِلاَّ لِنَعْلَمَ مَنْ يُؤْمِنُ بِالْآخِرَةِ مِمَّنْ هُوَ مِنْهَا فِي شَكٍّ وَرَبُّكَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ حَفِيظٌ﴾

بۆیە ئەبێت کاتێك شایەتمان دێنین، بەوپەڕی یەقینەوە، بەوپەڕی دڵنیاییەوە، لە دڵمانەوە بیهێنین.

مەرجیش نیە هەرکەسێك یەقینی بۆ دروست بێت کە خوا هەیە، ئیتر موسڵمان بێت، ئەوە ئیبلیسە بڕوای بە بونی خوا هەیە، بەڵام ڕزگاری ناکات، خۆبەگەورە زانین «الکبر» ڕێگر دەبێت لەبەردەم باوەڕی ڕاستەقینەی ڕزگارکەردا.

ئەوەش ئەبوتاڵبە، بڕوای بە ئیسلام هەیە، ئەزانێت ئیسلام هەقە، بەڵام دەمارگیری وشوێن کەوتنی باوباپیران وتەقلیدی کوێرانە، ڕێگرە لەبەردەم ئەوەی شوێنی هەق بکەوێت، لێرەی دەگێڕنەوە تویەتی:

وَاَللّٰهِ لَنْ يَصِلُوا إِلَيْك بِجَمْعِهِمْ حَتّى أُوَسّدَ فِي التّرَابِ دَفِينَا

فَاصْدَعْ بِأَمْرِك مَا عَلَيْك غَضَاضَةٌ وَأَبْشِرْ وَقَرّ بِذَاكَ مِنْك عُيُونَا

لَوْلَا الْمَلَامَةُ أَوْ حِذَارُ مَسَبّةٍ لَوَجَدْتنِي سَمْحًا بِذَاكَ مُبِينَا

«ئەوەش هیرەقلی گەورەی ڕۆمەکانە، بڕوای بە ئیسلام وپەیامبەر هەبو، تەنانەت ئەوەندە بڕوای بە ئیسلام هەبو، وتی: ئیسلام دەسەڵات دەگرێت بەسەر ئەم شوێنەی منداً، تەنانەت ئەوەندە بڕوای بە پەیامبەر هەبو، وتی: ئەگەر لەلای ببوایەم پێیەکانیم بۆ دەشۆرد.

تەنانەت ئەوەندە بڕوای هەبو، دار ودەستەکەشی تاقیکردەوە، بزانێ ئەگەر شوێنی ئەو دینە تازە بکەوێت، شوێنی دەکەون، بەڵام کە بینی تورِە بون وهەڵچون و وەکو گوێدرێژی دەشتەکی هاواریان لێهەڵسا وبەرەو دەرگاکان ڕایان تا بڕۆنە دەرەوە، بەڵام هیرەقل دەرگاکانی داخستبو، کە بەو شێوەیە بینیانی بێئومێد بو لە

باوەڕهێنانیان، ئەوەبو بانگی کردنەوە و وتی: تاقیمکردنەوە بزانم تا چەند توندن لەسەر دینەکەی خۆتان»[٢].

جولەکەش «الیهود» یەقینیان هەبو کە پەیامبەری خوا صلی الله علیه وآله وسلم هەقە، ئەوەتا پەروەردگار ڕادەی دڵنیایی ویەقینەکەیانمان پێ دەڵێت، ئەفەرموێ: ﴿الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْرِفُونَهُ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَاءَهُمْ وَإِنَّ فَرِيقًا مِنْهُمْ لَيَكْتُمُونَ الْحَقَّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ * الْحَقُّ مِنْ رَبِّكَ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ الْمُمْتَرِينَ﴾ وەکو چۆن منداڵی خۆیان دەناسنەوە ئاوهاش رسول الله صلی الله علیه وآله وسلم دەناسنەوە کە پەیامبەرە وهەقە، بەڵام شوێنی نەکەوتن، لەبەردەمارگیری، لەبەر حەسودی، بە زوڵم وستەم.

جا بینیت ئەمانە جۆرە یەقینێکیشیان هەبو، بەڵام نەبون بە ئیماندار، وبە موسڵمان هەژمار نەکران.

[٢] ئەوەی لە نێو دو کەوانەکەدایە: بڕوانە صەحیحی بوخاری حەدیسی ژمارە ٧، کە ئەبو سفیان خوا ڕازی بێت لێی، دەیگێڕێتەوە. هەروەها موسلیمیش بە ژمارە ١٧٧٣ دەیگێڕێتەوە.

وەکو چۆن کەسێك بە ڕوکەش بڵێ: «لا إله إلا الله»، مەرج نیە لای خوا ئیماندار بێت، وەکو مونافیقەکان، بە دەم «لا إله إلا الله»یان دەوت، بەڵام لە دڵەوە بە گومان بون.

کەواتە: نە کاری بێ دڵ ئەبێت، نە دڵی بێکار. بەڵکو ئیمانی دڵ وکار وکردەوە.

بۆیە موسڵمان کاتێك شایەتمان دێنێت، ئەبێت ئەوپەڕی یەقینی هەبێت بەو شایەتمانەی دەیهێنێت، بەرامبەر بە واتاکانی.

«لا إله إلا الله» کۆمەڵێك واتای هەیە، ئەبێت دلنۆقرە بێ بەرامبەر ئەوەی:

هیچ خوایەك بەهەق شایستەی پەرەستن نیە الله نەبێت. نەڵێت: وەڵڵا من گومانم هەیە، چۆن ئەبێت تەنهاخوایەك شایستەی پەرەستن بێت، چۆن ئەبێت هەر تەنها هاوار بە یەك خوا بکرێت؟ چۆن ئەبێت هەرخوایەك بێت ڕوی لێ بکەیت؟ چۆن ئەبێت هەر بەرنامەکەی ئەو ڕاست بێت؟ چۆن ئەبێت هەر الله پەناگا بێت؟

ئا ئەم گومانانە دژی «لا إله إلا الله» یە، وشایەتمان دەلەرزێنن.

هەر کەسێك بەگومان بێت بەرامبەر بە بونی خوا، کە هەر ئەو شایستەی پەرەستنە.

هەر کەسێك بەگومان بێت بەرامبەر بە پەیامبەری خوا صلى الله عليه وسلم کە هەر ئەو شایستەی شوێنکەوتنە.

هەرکەسێك گومانی بێت بەرامبەر بە ڕۆژی دوایی، بەرامبەر بە قەزا وقەدەر.

ئەوە دژی «لا إله إلا الله»ی کردوە.

ئالێرەشەوە بۆتان ڕون ئەبێتەوەکە «لا إله إلا الله» وشەیەك نیە وبگوترێت وبێ مانا بێت، بەڵکو چەندین واتای فراوانی هەیە، چەندین دژی هەیە، چەندین داخوازی وپێویستی هەیە، ئەبێت جێبەجێ بکرێت. بۆیە ئەبێت ئەم بیر وباوەڕە لە لەناخ وهەناوماندا بچەسپێت.

کە یەقین هەبو بەهەشتیش مسۆگەر دەبێت:

- ئەبو هورەیرە ئەڵێ، پەیامبەر صلى الله عليه وسلم پێی وتم: «يَا أَبَا هُرَيْرَةَ -وَأَعْطَانِي نَعْلَيْهِ- قَالَ: «اذْهَبْ بِنَعْلَيَّ هَاتَيْنِ، فَمَنْ لَقِيتَ مِنْ وَرَاء هَذَا الْحَائِطِ، يَشْهَدُ: أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاّ اللّهُ، مُسْتَيْقِنا بِهَا قَلْبُهُ، فَبَشّرْهُ بِالْجَنّةِ».

واتە: هەردو پێڵاوەکانی خۆی پێدام و فەرموی: پێڵاوەکانم ببە وبڕۆ، هەرکەست بینی لە پشت ئەم باخەوە شایەتی دەدات کە: «لاَ إِلَهَ إِلاّ اللّهُ»، هیچ

پەرستراوێکی هەق نیە اللە نەبێت، بە دڵنیایی ودڵنیاییەوە دەیڵێت، لە دڵەوە یەقینی هەیە بەوەی ئەیڵێت، ئەوە مژدەی بەهەشتی پێبدە.

- ئەبو هورەیرە ئەڵێ: پەیامبەر صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی: «أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاّ اللهُ، وَأَنّي رَسُولُ اللّهِ، لاَ يَلْقَى اللهَ بِهِمَا عَبْدٌ، غَيْرَ شَاكٍ، فَيُحْجَبَ عَنِ الْجَنّةِ».

واتە: «أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاّ اللهُ، وَأَنّي رَسُولُ اللّهِ، هیچ کەس بەم شایەتمانە ناگاتەوە بەخوا، لە کاتێکدا بێگومان بێت لێی، ڕێگری چونە بەهەشتی لێبکرێت» یانی ڕێگری چونە بەهەشتی لێناکرێت.

البربهاری ئەڵێ: «شایەتمان لە خاوەنەکەی قبوڵناکرێت مەگەر بە نیەتێکی ڕاست وتەواوی یەقین نەبێت».

ئەبو عوانە لە موسنەدەکە خۆیدا ئەڵێ: «الدَّليلُ عَلَى أنَّه لا يَنفَعُه الإقرارُ حتى يَسْتيقِنَ قَلبُه ويُريدُ به وَجهَ اللهِ بما يحرُمُ به عَلَى النَّارِ».

مەرجی چوارەم: الإخلاص، بە پاکی وبێخەوشیەوە بیڵێ «کە دژی شیرك وڕیا وجگە لە خوا مەبەست بونە»

ئیخلاّص: واتە: «الخُلُوص مِنَ الكَدَر وَالشَّوَائِب وَالشَّرِكة وَالغِشّ»، پاکبونەوە لە گەرد وخەوش وهاوبەشی وغەش وفێڵ.

وەرگێڕ ونوسەرەکان، ئیخلاّص بە دڵسۆزی واتا دەکەن، کە یەکێکە لە لازمەکانی ئیخلاّص، یانی هەرکەس موخلیص بێت ئەبێت دڵسۆز بێت.

جا ئەگەر ئەمە زمانە وکوردەواری وایان بەکارهێناوە، ئەوە قسەمان نیە، چونکە ناکرێت موحاسەبەی زمان بکرێت لەسەر بەکارهێنانی وشەیەك.

خۆ ئەگەر بەکارهێنانی چەند نوسەر و وەرگێڕێك بوە، ئەوە بەڕاستی واتای پڕواوپڕی ئیخلاّص دڵسۆزی نیە[٣]، ونەیێکا ئەوەی دڵسۆزی بۆ داتاشی.

کاتێك ئالّتون لە کورە دەدەیت تا مادەکانی تری لێجیا ببێتەوە ئەوە بەوە دەگوترێت افتتان «کە ئیخلاّصە»، پاککردنەوەیە، بێخەوش کردنە.

ئیخلاص ئامانج ومەبەستە لە دروستکردنی مرۆڤ وجنۆکە

---

[٣] معنى الإخلاص: خَلَص خُلُوصاً خَلاصَاً، أي: صَفَى وَزَال عنْه شَوْبه، وخَلَصَ الشَّيء صَارَ خَالِصَاً وخَلَصْتُ إِلَى الشَّيْء وَصَلتُ إِلَيْه، وَخَلاص السّمن مَا خَلصَ مِنْه. فَكَلِمَةُ الإِخْلاَص تَدُلُّ عَلَى الصَّفَاء وَالنَّقَاء والتَّنَزّه منَ الأَخْلاط والأَوْشاب. والشَّيءُ الخالِص هُو الصَّافي الذِي لَيْس فيه شَائِبَة مَادِيّة أَوْ مَعْنَوية. وأَخْلَص الدِّين لله قَصَد وَجْهه وتَرَك الرِّياء. وقال الفيروز أبادي: أَخْلَص لله تَرَك الرِّياء.

ئیخلاّص بەوە دەبێت: هەرچی بەشی خوایە بۆ خوا بێت، بەشی غەیرە خوا لە تاعەت وعیبادەتەکان دەربکەیت، پاك وبێخەوش هەموی بۆ خوا بێت، بە کورتیەکەی وبە کوردییەکەی: «خوا مەبەست بون. لە پەرستش ولەخواوە نزیك بون».

لە هەمو عیبادەتێك تەنها خوات مەبەست بێت، نوێژ دەکەیت، ڕۆژو دەگریت، حەج دەکەیت، زەکات وصەدەقە دەبەخشیت، دەپارێیتەوە، هاوار دەکەیت، هەر عیبادەتێك بێت، ئەبێت مەبەستت تەنها خوا بێت ولە ڕیاوە بە دور بیت.

ترسان، ئومێدبون، ڕەغبەت، ڕەهبەت، خۆشویستن، ئەمانە وجگە لەمانەش لە عیبادەتەکان ئەبێت تەنها بۆ خوا بێت، نابێت ئەوەندەی ئومێدت بە خوا هەیە، ئاوهاش ئومێدت بە کەسێك، شەخصێك، شێخێك، داڕێك، بەردێك، قەبرێك هەبێت.

بۆیە مۆخی مانای «لا إله إلا الله» ئەمەیە با لێی تێبگەین:

ئەوەیە کە خوا -جل جلاله- لە هەمو خۆشەویستێك خۆشەویستتر بێت، لە هەمو گەورەیەك گەورەتر بێت، لە هەمو لێترساوێك زیاتر لێی بترسیت، لە هەمو

شتێك زیاتر ملکەچ وگەردن کەچی بیت، ئا ئەمەیە ناوك وکرۆکی مانای «لا إله إلا الله».

هەر کەسێك وەکو چۆن خوای خۆش دەوێت، ئاوهاش جگە لە خوایشی خۆشویست، ئەوە موشریکە.

هەرکەسێك گەورەیەك لە دڵیدا گەورە بێت وەك گەورەیی خوا، ئەوە موشریکە.

هەرکەسێك ترسی لە شتێك هەبێت، وەکو چۆن ترسی لە خوا هەیە، موشریکە.

بۆیە دوو ڕوکنەکەی «لا إله إلا الله» وەرگرن، بەڵکو دوو مەرجەکەی عیبادەت وەرگرن، کە ئەم دوو مەرجەیان زۆرێك لێی بێئاگان،[٤] ئەویش:

- ئەوپەڕی خۆشویستنی خوایە، لەگەڵ:

- ئەوپەڕی ترس وملکەچی وگەردن کەچی بۆ خوا -سبحانه-[٥].

[٤] بۆ زیاتر لەسەر ئەم دو مەرجە پشتگوێ خراوە، بڕوانە: کتێبەکانی شیخ الاسلامی یەکەم ودووەم: ئیبن تەیمیە وئیبن قەیم -ڕەحمەتی خوایان لێبێت-.

عیبادەتی نەکردوە: کەسێك ڕۆژو دەگرێت، بەڵام خوای خۆش ناوێت.

ڕۆژو ناگرێت وگەردن کەچ وملکەچ نیە بۆ خوا، ئەڵێت: ئەمە چیە لەسەرمانت فەرزکردوە؟

هیچ کەسێك ڕاستگۆ نەبوە لە وتنی: «لا إله إلا الله» هەتاوەکو الله لە هەمو خۆشەویستێك خۆشەویستر نەبێت لە دڵیدا، هەتاوەکو لە هەمو کەسێك زیاتر زەلیل وملکەچ وگەردن کەچی الله نەبێت.

ئێمە بەندەین، بەندە چۆنە بۆ سەیدەکەی، ئەبێت ئێمەش ئاوهابین بۆ الله لە گەردن کەچی وگوێڕایەڵی.

ئێمە بەندەی خواین، ئێمەی ئەهلی ئیسلام بەندەی یەك زاتین، نە بەندەی پارەین، نە بەندەی شەخصین، نە بەندەی قەبرین، نە بەندەی هیچ کەسێکین،

° قال شيخ الإسلام: «والعبادة: اسم يجمع غاية الحب له وغاية الذل له، فمن ذل لغيره مع بغضه لم يكن عابدا، ومن أحبه من غير ذل له لم يكن عابدا، والله سبحانه يستحق أن يحب غاية المحبة، بل يكون هو المحبوب المطلق الذي لا يحب شيء إلا له، وأن يعظم ويذل له غاية الذل، بل لا يذل لشيء إلا من أجله، ومن أشرك غيره فى هذا وهذا لم يحصل له حقيقة الحب والتعظيم، فإن الشرك يوجب نقص المحبة».

زەلیلیش نین بۆ هیچ كەسێك، بەڵكو ئیسلام هاتوە لە زەلیلی دەرمان بكات تا تەنها هەر بۆ خوا زەلیل بین.

لەبەری بكەن وبیزانن:

- هەركەس موسڵمان نەبێت، زەلیلی هەزاران شتە، بەندەی هەزاران شتە، ئێمەی ئەهلی ئیسلام نەبێت تەنها بەندە وزەلیلی «الله» ین.

- هەركەسێك موسڵمان نەبێت هەزاران شتی خۆش دەوێت، بەدەست خۆشەویستی شتەكانەوە گیرۆدەی خواردوە، ئێمەی ئەهلی ئیسلام نەبێت تەنها خۆشەویستیمان بۆ الله هەیە، هەر كەس وشتێكی جگە لە الله مان خۆشبوێت، لەبەر خۆشەویستی الله یە، وەكو خۆشویستنی پەیامبەر صلى الله عليه وسلم، وەكو خۆشویستنی ئیسلام، وەكو خۆشویستنی پیاوچاكان، وەكو خۆشویستنی عیبادەتەكان، بۆیە ئەمانەیە كرۆكی «لا إله إلا الله».

ئەمەش مانای ئەو وتەی شیخ الإسلامە كە دەفەرموێ: «فهو الذي يتوكل عليه، ويُستعان به ، ويُستغاث به ويُخاف ويُرجى، ويُعبد وتنيب القلوب إليه، لا حول ولا قوة إلا به، ولا ملجأ منه إلا إليه، والقرآن كله يحقق هذا الأصل»[٦].

[٦] اقتضاء الصراط المستقيم لمخالفة أصحاب الجحيم، ص٣٦٨.

ڕوکنێکی بنەڕەتی وەرگرتنی عیبادەتیش بریتیە لە ئیخلاص، کە مەرجێکی «لا إله إلا الله». مەرجەکەی تریش بریتیە لە: بەپێی شەرعی خوا بون.

شیخ الإسلام ئەفەرموێ: «وهذان الأصلان جماع الدين: أن لا نعبد إلا الله، وأن نعبده بما شرع، لا نعبده بالبدع»[٧].

هەروەها ئەفەرموێ: «وهَذَان الأَصْلاَن هُمَا تَحْقِيق الشَّهَادتين اللتين هما رأس الإسلام: شهادة أن لا إله إلا الله، وشَهَادة أَن مُحَمَّدًا رَسولُ الله. فإن الشهادة لله بأنه لا إله إلا هو، تتضمن إخلاص الإلهية له، فلا يجوز أن يتأله القلب غيره، لا بحب ولا خوف ولا رجاء، ولا إجلال ولا إكرام، ولا رغبة ولا رهبة ، بل لا بد أن يكون الدين كله لله... فإذا كان بعض الدين لله، وبعضه لغير الله: كان في ذلك من الشرك بحسب ذلك... فالمؤمنون يحبون لله، والمشركون يحبون مع الله»[٨].

هەروەها ئەفەرموێ: «والعبادات التي شرعها الله كلها تتضمن إخلاص الدين كله لله، تحقيقًا لقوله تعالى: ﴿وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ وَذَلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ﴾، فالصلاة لله وحده، والصدقة لله وحده، والصيام لله وحده، والحج لله وحده، وإلى بيت الله وحده،

---

[٧] الإقتضاء ص٣٧٢.

[٨] الإقتضاء ص٣٧٣-٣٧٤ بإختصار.

فالمقصود من الحج: عبادة الله وحده في البقاع التي أمر الله بعبادته فيها، ولهذا كان الحج شعار الحنيفية، حتى قال طائفة من السلف: «حنفاء لله، أي: حجاجًا»، فإن اليهود والنصارى لا يحجون البيت»[٩].

كاتێك ئەڵێیت: «لا إله إلا الله» هیچ پەرستراوێكی هەق نیە الله نەبێت، واتە: ئیخلاص.

تەماشا بكە چۆن هەرچی پەرستراو هەیە بێ باوەڕ دەبیت پێی، وتەنها باوەڕ بە الله دێنیت، ئەمە بیروباوەڕی ئیخلاصە، هەرچی پەرستراوێك هەیە، هەرچی دەپەرستریت بە باتڵی دەزانیت.

بەڵێ ئیخلاص زۆر قورسە، بەڕاستی هەركەسێك موجاهەدەی نەفسی خۆی نەكات لەسەر ئیخلاص، هەوڵی خۆپاككردنەوە نەدات، هەرگیز بۆی بەدی نایەت مەگەر فەزڵی خوا.

قوشەیری ئەڵێت: بەنرختری شتی دونیا ئیخلاصە.

ئەوەتا سوفیانی سەوری -رحمه الله- ئەڵێت: هەوڵم لەگەڵ نەفسی خۆم نەداوە لەسەر شتێك قورستر بێت لەسەرم بە ئەندازەی ئیخلاص.

---

[٩] الإقتضاء ص٣٦٨.

چونکە دەرکردنی بەشی نەفسە، نەفسیش بەشی خۆی دەوێت، تۆیش دەتەوێت پاکی بکەیتەوە، لە هەموشتێك پاکی بکەیتەوە، تەنها بەشی خوا - سبحانه- بهێڵیتەوە.

ئیبن قەییم -بە ڕەحمەت بێت- دەڵێ: ئیخلاص وحەزکردن لە کورسی ودەسەڵات، حەزکردن لە مەدح وستایشی خەڵك، حەزی لەوە بێت لە پێشەوە بێت، ئەم دوانە لە دڵی هیچ کەسێکدا کۆ نابێتەوە.

ئەم دو شتە کۆ نابێتەوە، هەم موخڵیص بێت، هەم حەزیشی لە مەدح وستایشی خەڵکیش هەبێت، شتی وا نابێت[١٠].

[١٠] ئەمە جیاوازە لەوەی کارێك بکات وستایشی خێر بکرێت وخەڵك ناوی خێری بهێنن، بەبێ ئەوەی داوای بکات وبەدوایدا بگەڕێت وبۆ ڕیا وڕوپامایی بێت، لەبەر فەرمودەکەی ئەبوزەر ڕەزای خوای لێبێت: «قَالَ قِيلَ لِرَسُولِ اللَّهِ -صلى الله عليه وسلم- أَرَأَيْتَ الرَّجُلَ يَعْمَلُ الْعَمَلَ مِنَ الْخَيْرِ وَيَحْمَدُهُ النَّاسُ عَلَيْهِ [وَيُحِبُّهُ النَّاسُ عَلَيْهِ]، قَالَ «تِلْكَ عَاجِلُ بُشْرَى الْمُؤْمِنِ». ورواه مسلم في باب: «إِذَا أُثْنِيَ عَلَى الصَّالِحِ فَهِيَ بُشْرَى وَلاَ تَضُرُّهُ». ئەڵێ: وتیان بە پەیامبەری خوا -صلى الله عليه وسلم- ئەوە چۆنە کەسێك کارێکی چاکە دەکات، خەڵك ستایشی خێری دەکەن ولەسەر ئەوە خۆشیان دەوێت، ئەویش فەرموی: «ئەوە مژدەی پێشوەختی ئیماندارە». یانی: ئەمە نیشانەی چاکە بۆی، ومژدەی

بۆیە موعالەجەی نەفسی خۆتان بکەن، کاتێك دەڵێن: «لا إله إلا الله»، بەشی جگە لە خوای لێدەربکەن.

تەوحیدیش واتە: بەتەنهاکردنەوە، تاککردنەوە، خوا بە تەنها ڕادەگریت لەو شتانەی تایبەتە بە خواوە سبحانە-.

پەیامبەریش -صلى الله عليه وآله وسلم- بەوە فەرمانی پێکراوە لەلایەن خواوە: ﴿قُلْ إِنِّي أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ اللَّهَ مُخْلِصًا لَهُ الدِّينَ﴾.

هەر بەوەش فەرمان بە هەمو خەڵك کراوە: ﴿وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ﴾.

پاداشتی چیە؟

«عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّهُ قَالَ: «يَا رَسُولَ اللَّهِ مَنْ أَسْعَدُ النَّاسِ بِشَفَاعَتِكَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ؟» قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «لَقَدْ ظَنَنْتُ يَا أَبَا هُرَيْرَةَ أَنْ لَا

دونیایە وبەڵگەی موژدە ونازونیعمەتی ئاخیرەتە، بەڵگەی لێوەرگرتنی کارەکەیەتی وخۆشویستنێتی بۆیە لای خەڵك خۆشەویستی دەکات.

يَسْأَلُنِي عَنْ هَذَا الْحَدِيثِ أَحَدٌ أَوَّلُ مِنْكَ لِمَا رَأَيْتُ مِنْ حِرْصِكَ عَلَى الْحَدِيثِ، أَسْعَدُ النَّاسِ بِشَفَاعَتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ: مَنْ قَالَ لَا إِلَهَ إِلاّ اللَّهُ خَالِصًا مِنْ قَلْبِهِ أَوْ نَفْسِهِ»[11].

ئەبو هورەیرە -ڕەزای خوای لێبێت- دەفەرموێت: پرسیاریامکرد لە پەیامبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- وتم: ئەی پەیامبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- کێ کامەرانترین، خۆشبەخت ترین کەسەبە بە شەفاعەتی تۆ لە ڕۆژی قیامەتدا؟ پەیامبەری خوایش صلى الله عليه وسلم، فەرموی: بەڕاستی ئەی ئەبوهورەیرە زانیم کەس لەبارەی ئەم حەدیسەوە پرسیارم لێ ناکات تۆ نەبێت[12]، پاشان فەرموی: «أَسْعَدُ النَّاسِ بِشَفَاعَتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ: مَنْ قَالَ لَا إِلَهَ إِلاّ اللَّهُ خَالِصًا مِنْ قَلْبِهِ أَوْ نَفْسِهِ» کامەرانترین، خۆشحاڵترین کەس بە شەفاعەتی من لە ڕۆژی قیامەتدا ئەو کەسەیە، بە خالصی وپاکی لە دڵ ودەرونیەوە بڵێ: «لا إله إلا الله».

تەماشا بکەن.. شەفاعەت بە تەوحید بەدی دێت، پێمان دەفەرموێ: «کامەرانترین کەس بە شەفاعەتم ئەوەیە یەکتاپەرست بێت، موخلیص بێت».

---

[11] البخاري: باب الحرص على الحديث «الحديث:٩٩».

[12] ئا لەم حەدیسەوە ئەوە فێر دەبین کە بۆ بە فەرمایشتەکانی پەیامبەر صلى الله عليه وسلم دەوترێت حەدیس، لەبەر ئەم فەرمودەیەیە، لە کاتێکدا حەدیس لە زمانی عەرەبیدا یەکێك لە واتاکانی واتا: قسە، بەڵام دواجار دابڕاوە بۆ قسەی پەیامبەر صلى الله عليه وسلم. بڕوانە: «الحديث الضعيف» للشيخ العلامة عبدالكريم الخضير -حفظه الله-.

نەزانەکان لە سەردەمی ئەمرۆدا، وا ئەزانن بە شیرك وپاڕانەوە لە قەبر وشەخص بەدی دێت، نەخێر.. لە پەیامبەری خواوە ببیستن کە شەفاعەتی بۆ کێ دەبێت: پێمان ئەڵێت: هەر کەسێك بڵێت هیچ پەرستراوێك بە هەق شایستەی پەرستن نیە اللە نەبێت.

هەروەها پەیامبەری خوا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت -وەکو لە حەدیسەکەی عیتبانی کوڕی مالیکدا هاتوە-: «فَإِنَّ اللَّهَ قَدْ حَرَّمَ عَلَى النَّارِ مَنْ قَالَ لاَ إِلَهَ إِلاّ اللَّهُ يَبْتَغِي بِذَلِكَ وَجْهَ اللَّهِ، فَإِنَّهُ لَا يُوَافِى عَبْدٌ يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِهِ إِلاّ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ النَّارَ»[١٣]، واتە: خوای تەعالی ئاگری حەرامکردوە لەسەر کەسێك بڵێت: «لاَ إِلَهَ إِلاّ اللَّهُ»، مەبەستی پێی وەجهی خوا بێت.

ئەی فەرمودەی تۆمارەکەتان نەبیستوە؟ ئەو هەمو تاوانانە کە ئەوەندەی چاو بڕ بکات تۆماری تاوانی پیشان دەدرێت؟ چی ڕزگاری کرد؟ وتنی لە دڵەوەی «لاَ إِلَهَ إِلاّ اللَّهُ» بو، ئیخلاّص بو.

بۆیە هەر کەسێك دەیەوێت «لاَ إِلَهَ إِلاّ اللَّهُ»ەکەی وەکو چۆن تەرازوی ئەو پیاوەی قورس کرد، ئاوها تەرازوەکەی ئەمیش قورس بکات، با ئەو پیاوە ئاسا بیلێت.

---

[١٣] متفق عليه.

ڕاستگۆ نەبوە لە واقیعدا كەسێك ئەگەر بڵێیت: «لاَ إِلَهَ إِلاّ اللَّهُ» ولەهەمان كاتدا هاوار بكاتە جگە لە خوا، تەواف بكات بە دەوری قەبری شێخ وشەخصدا.

ڕاستگۆ نەبوە لە واقیعدا كەسێك بڵێت: «لاَ إِلَهَ إِلاّ اللَّهُ»، وشتێك كە تایبەتە بە خواوە، بیدات بە جگە لە خوا، وەكو هاوارپێكردن، هانا بۆبردن، ترسان، ئومێد بون، وهتد...

خەڵكانێك هەیە ئەوەندە ئومێدیان بە جگە لە خوا هەیە ئەوەندە ئومێدیان بە خوا نیە، یان هەر ئەوەندە ئومێدیان بە خوا هەیە، لە كاتێدا هەر خوا دەرگای هیوا وئومێدە.

پەیامبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت: «مَا قَالَ عَبْدٌ لاَ إله إِلاَّ الله قَطُّ مُخْلِصاً إِلاَّ فُتِحَتْ لَهُ أَبْوَابُ السَّمَاءِ حَتَّى تُفْضِيَ إِلَى الْعَرْشِ مَا اجْتَنَبَ الْكَبَائِرَ»[١٤]، واتە: هەرگیز هیچ بەندەیەك نالێت: «لاَ إله إِلاَّ الله»، بە موخلیصی لە دڵیەوە، ئیللا دەرگاكانی ئاسمانی بۆ دەكرێتەوە هەتا دەگاتە هەتاوەكو دەگاتە لای عەرش، ئەگەر خۆی لە تاوانە گەورەكان پاراستبێت».

[١٤] رواه الترمذي، وقال: هذا حديث حسن غريب من هذا الوجه، وحسنه العلامة الألباني.

ئەگەر دەتەوێت «لاَ إله إلاَّ الله»ـەکەت دەرگاکانی ئاسمانی بۆ بکرێتەوە، بگاتە لای عەرشی رب العالمین، بە ئیخلاّصەوە بیلّێ وخۆت لە تاوانە گەورەکان بپارێزە.

مەرجی پێنجەم: المحبة، خۆشەویستنی «لا إله إلا الله»، «کە دژی ڕقلێبونە»

مەرجی خۆشەویستی واتە: خۆش ویستنی ئەم ڕستەیە، وئەوەی لەم ڕستەیە دەفامرێ لە واتاکانی ولە داخوازیەکانی.

ئەم مەرجەش هەر بەدەم نابێت، چونکە خۆشەویستی کاری دلّە، بە دلّ ئەنجام دەدرێت، زمان تەنها دەربڕی ئەو خۆشەویستیەیە کە لە دلّدایە، نەك خودی خۆشەویستی.

ئەبێت بە دلّ «اللّه»مان -سبحانه وتعالى- خۆش بوێت، کە شایەتی دەدەیت هەر ئەو خوای هەقە.

ئەبێت بە دلّ ئەو موحەممەدەمان -صلى الله عليه وسلم- خۆشبوێت، کە «لا إله إلا الله»ی لەلایەن خواوە بۆ هێناوین.

ئەبێت بە دڵ ئەو ئیسلامەمان خۆشبوێت، کە «لا إله إلا الله» دروشم وناونیشانەکەیەتی.

ئەبێت بە دڵ هەر کەسێك ئەهلی «لا إله إلا الله»یە وشایەتمان دێنێنت خۆشمان بوێت.

ئەبێت بە دڵ پیاوچاکانمان خۆشبوێت، کە بەپێی توانا هەستاون بە جێبەجێکردنی «لا إله إلا الله».

ئەمانە هەموی لە واتا وداخوازی وپێویستیەکانی «لا إله إلا الله»یە.

«هەمو ئەمانەشمان لەبەر خوا خۆشدەوێت، چونکە هیچ کەس وشتێك نیە لە دونیا لەبەر خودی خۆی خۆشمان بوێت تەنها الله نەبێت، هەرچیشمان خۆشبوێت تەبەعە بۆ خۆشەویستی رب العالمین ولەبەر خۆشویستنی ئەو خۆشمان دەوێت. ئەمەش مانای پەرستراوێتی «الله»یە، خوایەتی خوایە -جل جلاله-، هەر خۆی شایستەی ئەوەیە خۆشمان بوێت لەبەر خودی خۆی، کە ئیسلامان خۆش دەوێت لەبەر ئەوەی دینی الله یە، «لا إله إلا الله»مان خۆشدەوێت لەبەر ئەوەی کلیلی

ئیسلامە، پەیامبەر وسەرجەم پەیامبەرانی ترمان خۆشدەوێت لەبەر ئەوەی نێردراوی خوان»[١٥].

---

[١٥] قال شيخ الإسلام: «..وَأَحَبَّ الْمَخْلُوقَ لِلَّهِ لَا لِغَرَضٍ آخَرَ, فَكَانَ هَذَا مِنْ تَمَامِ حُبِّهِ لِلَّهِ, فَإِنَّ مَحَبَّةَ مَحْبُوبِ الْمَحْبُوبِ مِنْ تَمَامِ مَحَبَّةِ الْمَحْبُوبِ، فَإِذَا أَحَبَّ أَنْبِيَاءَ اللَّهِ وَأَوْلِيَاءَ اللَّهِ لِأَجْلِ قِيَامِهِمْ بِمَحْبُوبَاتِ الْحَقِّ لَا لِشَيْءٍ آخَرَ, فَقَدْ أَحَبَّهُمْ لِلَّهِ لَا لِغَيْرِهِ. وَقَدْ قَالَ تَعَالَى: ﴿فَسَوْفَ يَأْتِي اللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ أَذِلَّةً عَلَى الْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةً عَلَى الْكَافِرِينَ﴾. وَلِهَذَا قَالَ تَعَالَى: ﴿قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ﴾ فَإِنَّ الرَّسُولَ يَأْمُرُ بِمَا يُحِبُّ اللَّهُ، وَيَنْهَى عَمَّا يُبْغِضُهُ اللَّهُ، وَيَفْعَلُ مَا يُحِبُّهُ اللَّهُ وَيُخْبِرُ بِمَا يُحِبُّ اللَّهُ التَّصْدِيقَ بِهِ، فَمَنْ كَانَ مُحِبًّا لِلَّهِ لَزِمَ أَنْ يَتْبَعَ الرَّسُولَ فَيُصَدِّقُهُ فِيمَا أَخْبَرَ وَيُطِيعُهُ فِيمَا أَمَرَ وَيَتَأَسَّى بِهِ فِيمَا فَعَلَ، وَمَنْ فَعَلَ هَذَا فَقَدْ فَعَلَ مَا يُحِبُّهُ اللَّهُ، فَيُحِبُّهُ اللَّهُ، فَجَعَلَ اللَّهُ لِأَهْلِ مَحَبَّتِهِ عَلَامَتَيْنِ: اتِّبَاعَ الرَّسُولِ، وَالْجِهَادَ فِي سَبِيلِهِ». وقال: «بل لا يجوز أن يحب شيء من الموجودات لذاته إلا هو سبحانه وبحمده فكل محبوب فى العالم إنما يجوز أن يحب لغيره لا لذاته، والرب تعالى هو الذى يجب أن يحب لنفسه وهذا من معانى إلهيته، ولو كان فيهما آلهة إلا الله لفسدتا، فإن محبة الشيء لذاته شرك فلا يحب لذاته إلا الله، فإن ذلك من خصائص إلهيته فلا يستحق ذلك إلا الله وحده، وكل محبوب سواه إن لم يحب لأجله أو لما يحب لأجله فمحبته فاسدة، والله تعالى خلق فى النفوس حب الغذاء وحب النساء لما فى ذلك فى حفظ الأبدان وبقاء الإنسان فإنه لولا حب الغذاء لما أكل الناس ففسدت أبدانهم ولولا حب النساء لما تزوجوا فإنقطع النسل والمقصود بوجود ذلك بقاء كل منهم ليعبدوا الله وحده ويكون هو المحبوب

وهەرگیز ئیماندار نابێت خۆشەویستی بۆ جگە لە خوا زیاتر بێت یان وەکو خۆشویستنی بێت بۆ خوا، ئیتر ئەو خۆشویستراوە فریشتەیەکی نزیکی خوا بێت یان پەیامبەرێکی نێرداروی خوا بێت، هەر شیرکە، ئەی چ جای ئەو خۆشویستراوە دونیا بێت، یا ئافرەت، یان سامان وبازرگانی، یا ماڵ وخانو وکۆشك وتەلار، یا ژن وخانەواده ومندااڵ بێت، ئەمەش لەبەر ئەو فەرمایشتەی پەروەردگار کە ئەفەرموێ: ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَتَّخِذُ مِنْ دُونِ اللَّهِ أَنْدَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللَّهِ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبًّا لِلَّهِ﴾. واتە: خەڵکانێك هەیە هاوشێوە بۆ خۆیان دادەنێن، وئەو هاوشێوانەیان خۆشدەوێت وەکو چۆن خوایان خۆشدەوێت، بەاڵم ئەوانەی ئیماندارن زیاتر لە خۆشەویستی ئەوان بۆ هاوشێوەکانیان، زیاتر لەوەی ئەوانیش خوایان خۆشدەوێت.

«أنداد» کۆی «ندّ»ە، واتە: هاوشێوە، هاوتا، هاوشان.

ئا لێرەش سەرنج بدەن، ئەوە نیە خوایان خۆش نەوێت وتەنها ئەم هاوشێوانەیان خۆشبوێت، بەڵکو ئایەتەکە ئەفەرموێ: ﴿يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللَّهِ﴾ چۆن خوایان خۆش دەوێت، ئەم پەرستراوانەشیان خۆشدەوێت.

واتە: خۆشەویستیان هەیە بۆ خوا، خۆشەویستیشیان هەیە بۆ هاوشێوەکان.

المعبود لذاته الذى لا يستحق ذلك غيره، وإنما تحب الأنبياء والصالحون تبعا لمحبته فإن من تمام حبه حب ما يحبه وهو يحب الأنبياء والصالحين ويحب الأعمال الصالحة فحبها».

جا وا نەزانی سەرزەنشتەکە لێرە لەبەر ئەوەیە هاوشێوەکانیان خۆشدەوێت وخوایان خۆشناوێت، بەڵکو لەبەر ئەوەیە غەیرە خوایان وەك خوا خۆشدەوێت، جا ئاگاداربە.

کەواتە: وا نەزانی هاوبەشپەیداکەرەکان «المشرکون» بۆیە موشریکن خوایان خۆشناوێت، بەڵکو لەبەر ئەوەیە خۆشەویستیان بۆ خوا خالص نیە وهاوبەشی تێدایە، جا لێی تێبگە ئەمە زۆر بەسودە خوا سود بە هەمو لایەکمان بگەیەنێت.

بۆ زیاتر ڕاقەکردنیشی: پاك وبێگەردی وبێخەوش بونی خۆشەویستی دڵە تەنها بۆ خوا، کە خۆشەویستی غەیرە خوای تیاچو، ئەوسا بە گوێرەی زیادو کەمیەکەی خۆشەویستیەکەی بۆ خوا دەگۆڕێت، چونکە خوا دو دڵی لە هەناوی هیچ کەسێکدا دانەناوە، کە خۆشەویستی دوژمنەکانی خوای تیا بچێت، دوژمنانی پەیامبەری خوای تیا بچێت، دوژمنانی دۆستانی «اللە»ی تیا بچێت وهتد.. ئەوسا ڕێکی نایەت لەگەڵ خۆشویستنی خوادا.

بۆیە ئەفەرموێت: ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَتَّخِذُ مِنْ دُونِ اللَّهِ أَنْدَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللَّهِ﴾ ئەمەش حاڵ درۆزن وموشریکەکان.. زانیمان.

ئەی ڕاستگۆکان، ئیمانداران؟

خوای گەورە ئەویشمان بۆ ڕوندکاتەوە کە خۆشەویستی ئەوان چۆنە بۆ خوا وئەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبًّا لِلَّهِ﴾ خوای گەورە ئەفەرموێت: بەڵام ئەوانەی ئیماندارن خۆشەویستیان زۆر زیاترە بۆ اللە وەك لە خۆشویستنی ئەو موشریکانە بۆ هاوشێوەکانی خوا -جل جلاله- کە بڕیاریان داوە.

جا ئەمە سیفەتی ئیمانداراە، ئەبێت پەروەردگاری ئاوها خۆش، زیاتر لەوەی موشریکان بۆ پەرستراوەکانی خۆیان.

هەربۆیە کە موشریکان دەڕۆنە دۆزەخەوە -پەنا بەخوا- ئەوسا دەبێت بە دەمە قاڵیان، وئەڵێن: سوێند بەخوا ئێمە لە گومڕاییەکی ڕوندا بوین کە ئێوەمان دەبردە ئاستی رب العالمینەوە لە خۆشویتن وترسدا.

تەماشای قورئان بکە وباسی ئەوەمان بۆ دەکات: ﴿قَالُوا وَهُمْ فِيهَا يَخْتَصِمُونَ * تَاللَّهِ إِنْ كُنَّا لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ * إِذْ نُسَوِّيكُمْ بِرَبِّ الْعَالَمِينَ﴾.

ئەمەش نهێنی چێژ وەرگرتنە لە دینداری، حەزدەکەن تامی «لا إله إلا الله» بچێژن؟ تامی ئیسلامەتی بچێژن؟ تامی ئیمان بچێژن؟ تامی تاعەت وپەرستشەکان بچێژن؟

دێنە مزگەوتەکان ودەڕۆنەوە وەکو خۆتانن وهەست بە هیچ تام وچێژێکی شیرین ناکەن! جەماعەت دەکەن ودەڕۆنەوە وەکو خۆتانن وهەست بە هیچ تام

وچێژێکی شیرین ناکەن! خێر وصەدەقە دەکەن وەکو خۆتانن وهەست بە هیچ لەززەت وتام وچێژێکی شیرین ناکەن! هەست بەو تام وچێژە شیرینەی خوا ناسی ناکەن کە خوا داینـاوە بۆ خوا ناسان.

ئەو فەرمودە ببیستن وجێبەجێی بکەن کە دەفەرموێ: «ثَلاثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ وَجَدَ بِهِنَّ حَلاوَةَ الإيمانِ» دەفەرموێ: سێ شت هەیە هەر کەسێك تیایدا بێت بەڕاستی تام وچێژی شیرینی ئیمانی چەشتوە، لە ڕیوایەتێکی بوخاریدا دەفەرموێ: شیرینی ئیمان بەدی نایەت بەم سێ شتە نەبێت:

یەکەم: «أَنْ يَكُونَ اللهُ وَرَسُولُهُ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِمَّا سِوَاهُمَا» ئەفەرموێ: ئەبێت خوا وپەیامبەرەکەی لە هەرچی شتە خۆشەویستتر بێت لە دڵیدا.

پشکنینێکی دڵی خۆت بکە، چەند ئافرەت لە دڵتدا خۆشەویستە، خۆشویستنی لە سنور دەرچو؟! چەند بازرگانیەکەت لە دڵتدا خۆشەویستە، خۆشویستنی لە سنور دەرچو؟! چەند پارەکەت لە دڵدا خۆشەویستە؟! گەورەیە؟! دڵی خۆت بپشکنە وبزان خوا وپەیامبەرەکەی لە هەمو شتێك گەورەتر وخۆشەویسترە لە دڵتدا.

دووەم: «وَأَنْ يُحِبّ الْمَرْءَ لاَ يُحِبُّهُ إِلاَّ للّٰهِ» دەفەرموێ: «هەرکەسی خۆشویست لەبەر خوا خۆشی بوێت». ڕقیشی لە هەر کەسێك بو لەبەر خوا ڕقی لێبێت. بزانە! لەبەر نەفست، لەبەر هەوا وئارەزوت، یا لەبەر چی ڕقت لێیەتی؟

شێیەمیشیان: «وَأَنْ يَكْرَهَ أَنْ يَعُودَ فِي الكُفْرِ بَعْدَ أَنْ أَنْقَذَهُ اللهُ مِنْهُ، كَمَا يَكْرَهُ أَنْ يُقْذَفَ فِي النَّارِ» دەفەرموێ: حەز نەکات بگەڕێتەوە بۆ بێباوەڕی دوای ئەوەی خوا ڕزگاری کردوە لێی، وەکو چۆن حەز ناکات بخرێتە نێو ئاگرەوە».

ئەگەر ئەمە لە دڵیدا سەقامگیربو وچەسپا، ئەوسا بێگومان تامی ئیمان دەچەژێت. چونکە خۆشەویستی کارێکی دڵە، ئەگەر ئەم بڕوایەی هەبو لە دڵەوە بەڕاستی ئەوکاتە تامی ئیمان دەچێژێت، ئەو کاتە دێتە نوێژی جەماعەت هەست بە ئاسودەیی دەکات، کە دێتە جومعە هەست بە ئاسودەیی دەکات، کە سەدەقەیەك دەکات سەکینە وئارامیەك بەسەر دڵیدا دێت، ئەڵێت: ئەگەر ئەهلی بەهەشت لە نیعمەتێکی ئاوهادابن لە نیعمەتێکی گەورەدان.

ئەمەش کە مەحرومین لێی بە هۆی کەمتەرخەمی خۆمان ودورکەوتنمانەوەیە لە شەریعەتی خوای پەروەردگار.

پەروەردگار ئەفەرموێ: ﴿قُلْ إِنْ كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ

إِلَيْكُمْ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ﴾ واتە: ئەگەر باوکانتان وبراکانتان وژنەکانتان وخزمانتان وماڵ وسامانەکانتان وبازرگانیەکەتان وخانوەکانتان، خۆشەویستترە لە لاتان لە اللە وپەیامبەرەکەی وجیهادکردن لە پێناویدا، ئەوا چاوەڕوان بن تاخوا فەرمان وسزای خۆیتان بەسەر دێنێت».

دەفەرموێت: ﴿فَتَرَبَّصُوا﴾ ئەمەش هەڕەشەیە، هەر وەك ڕێسایەکە لە تەفسری قورئاندا.

جا ئەبێت «لا إله إلا الله» لە هەموشتێك خۆشەویستتر بێت.

جا سەلەفی صالّحمان ئەمانایان لە دڵدا زیندو بوە، بۆیە هەندێکیان دەفەرمون: واللە حاڵەتی وام بەسەردا دێت، ئەڵێم ئەگەر ئەهلی بەهەشت لە نیعمەتی وادابن ئەوە لە نیعمەتێکی گەورەدان، ئەگەر ئەهلی بەهەشت لە حاڵێکی ئاوا خۆشدابن بەڕاستی نیعمەتێکی خۆشە بەهەشت.

لەوە گەورەتر مرۆڤ خوای خۆشبوێت، ئەوەیە کە اللە کەسێکی خۆش بوێت، چونکە هەر کەسێك خوا خۆشی بوێت سزای نادات، نایسوتێنێت. پەروەردگار ئەفەرموێ: ﴿وَقَالَتِ الْيَهُودُ وَالنَّصَارَى نَحْنُ أَبْنَاءُ اللَّهِ وَأَحِبَّاؤُهُ قُلْ فَلِمَ يُعَذِّبُكُمْ بِذُنُوبِكُمْ بَلْ أَنْتُمْ بَشَرٌ مِمَّنْ خَلَقَ﴾ ئەفەرموێ: «جولەکە وگاورەکان وتیان: ئێمە کوڕ

وخۆشەویستی خواین، تۆش پێیان بڵێ: ئەی بۆ بە هۆی تاوانەکانتانەوە سزاتان دەدات، خۆ ئەگەر ڕاست بکەن وخۆشەویستی خوا بن ئەوسا لە تاوانەکانتان خۆشدەبێت وسزاتان نادات لەسەری، بەڵکو ئێوەش یەکێکن وەکو ئەو خەڵکەی خوا دروستی کردوە».

هۆکارەکانی بە دەستهێنانی خۆشەویستی خوا

جا با هۆکارەکانی بە دەستهێنانی خۆشویستنی اللە بگرینە بەر، لەوانەش:

- لە گەورەترین هۆکارەکان ئەنجامدانی فەرزەکانە: وەکو پەروەردگار لە فەرمودەیەکی قودسیدا دەفەرموێ: «مَنْ عادَى لِي وَلِيّاً فقد آذَنْتُهُ بالحَرْب» واتە: «هەرکەس دوژمنایەتی دۆستێکی من بکات ئەوا شەڕی لەدژ ڕادەگەیەنم»، «وما تقرَّبَ إليَّ عَبْدِي بِشَيْءٍ أحَبَّ إليَّ مِمَّا افْتَرَضْتُهُ عليهِ» دەفەرموێ: «وبەندەکەم لێم نزیك نابێتەوە بە شتێك خۆشەویستر بێت لەلام بە ئەندازەی ئەوانەی لەسەریم فەرز کردوە، ئەگەر بەندەیەك ئەیەوێت خۆشەویستی خوا بە دەست بێنێت، با فەرزەکان ئەنجام بدات، ئەوکاتە خۆشەویستی خوا بەدەست دێنێت» کە فەرزەکانت ئەنجامدا پاشان سوننەتەکان ئەنجامبدە، «وما يزالُ عَبْدِي يَتَقَرَّبُ إلَيَّ بالنَّوَافِلِ حَتَّى أُحِبَّه» دەفەرموێ: «وبەردەوام بەندەکەم بە ئەنجامدانی سوننەتەکان لێم نزیك دەبێتەوە، هەتا خۆشم دەوێت»، «فإذا أحْبَبْتُهُ كُنْتُ سَمْعَهُ الَّذِي يَسْمَعُ بِهِ وَبَصَرَهُ الَّذِي يُبْصِرُ بِهِ

وَيَدَهُ الّتي يَبْطِشُ بِها وَرِجْلَهُ الّتي يَمْشِي بِها وإنْ سألَنِي لأُعْطِيَنّهُ وإن اسْتَعاذَنِي لأُعِيذَنّهُ وما تَرَدَّدْتُ عنْ شَيْءٍ أنا فاعِلُهُ تَرَدُّدِي عنْ قَبْضِ نَفْسِ الْمُؤْمِنِ يكْرَهُ الَمَوْتَ وأنا أكْرَهُ مَساءَتَهُ» دەفەرموێ: «کە خۆشمویست ئەبمە ئەو گوێیەی کە پێی دەبیستێت، وئەو چاوەی پێی دەبینێت، وئەو دەستەی کە دەیوەشێنێت، وئەو پێیەی کە پێی دەڕوات، ئەگەر داوام لێبکات بە تەئکید پێی دەبەخشم، وئەگەر داوای پەنام لێبکات بە تەئکید پەنای دەدەم».

ئەمانەش ئاماژە وکینایەیە بۆ تەوفیق وڕەزامەندی خوا لەو کەسە، کە هەرچی دەکات لە ڕەزامەندی خوا دایە، دەست بۆ هەرچی دەبات لە ڕەزامەندی خوا دایە.

- سوربون لەسەر شوێنکەوتنی پەیامبەر -صلى الله عليه وسلم- بە کار وکردەوە، وەگەرنا دواجار پەروەردگاری لێ توڕە دەبێت وسەرزەنشتی دەکات، جا کاتێك خەڵکانێك بانگەشەی خۆشویستنی خوایانکرد -جل جلاله-، خوای گەورە تاقیکردنەوە وتەرازویەکی بۆ دانان، بۆ ئەوەی هەرکەسێك بانگەشەی خۆشەویستی خوا دەکات بەو تەرازوە بکێشرێت، ئەویش بریتیە لە تەرازوی: ﴿قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ﴾ واتە: پێیان بڵێ: ئەگەر ئێوە بەڕاستی خواتان خۆشدەوێت، ئەوا شوێنی من بکەون خوا خۆشی دەوێن.

زانایان بەم ئایەتە ئەڵێن: ئایەتی «الإبتلاء - تاقیکردنەوە»، چونکە ئیتر بەم ئایەتە ڕاستگۆ ودرۆزن ڕون ئەبێتەوە، ﴿فَاتَّبِعُونِي﴾: ئەگەر ئێوە بەڕاستی خواتان خۆشدەوێت شوێنی من بکەون، ﴿يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ﴾ ئەوە خوا خۆشی دەوێن.

- هەروەها لەوانە: خۆشویستنی یەکتاپەرستان وموسڵمانانە، ئەمەش مایەی خۆشویستنی خوایە.

جا خۆشویستنی پەروەردگار پێویستە، وەك ئەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا مَنْ يَرْتَدَّ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَسَوْفَ يَأْتِي اللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ أَذِلَّةٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى الْكَافِرِينَ يُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَائِمٍ﴾.

دڕی ئەم مەرجەش: ڕق لێبونە لەم ڕستەیە وواتاکانی وداخوازی وپێویستیەکانی.

پەروەردگار ئەفەرموێ: ﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا فَتَعْسًا لَهُمْ وَأَضَلَّ أَعْمَالَهُمْ * ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَرِهُوا مَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأَحْبَطَ أَعْمَالَهُمْ﴾. بە هۆی ڕق لێبونیان لەوەی خوا داییەزاندوە کردەوەکانیان پوچەڵ دەکاتەوە.

جا هەر کەس ڕقی لە خوا بێت یان پەیامبەر یان جوێن بە خوا وپەیامبەرەکەی بدات، ئەوە ئەم مەرجەی هەڵوەشاوەتەوە.

وتەی زانایان

شيخ الإسلام دەفەرموێ: «بل محبة الله ورسوله من أعظم واجبات الإيمان وأكبر أصوله وأجل قواعده، بل هى أصل كل عمل من أعمال الإيمان والدين، وكما أن التصديق به أصل كل قول من أقوال الإيمان والدين، فان كل حركة فى الوجود انما تصدر عن محبة إما عن محبة محمودة أو عن محبة مذمومة».

کۆتایی ئەم مەرجە بەو وتە شیرینەی ئیبن قەیم -رحمه الله- دێنم له «المدارج»دا که له بارەی گرنگی پلەی خۆشەویستیەوە ئەفەرموێ: «فلو بطلتْ مسألةَ المحبةِ لبطلتْ جميعُ مقاماتِ الإيمانِ والإحسانِ، ولتَعطَّلتْ منازلُ السيرِ إلى اللهِ، فإنها روحُ كلّ مقامٍ ومنزلةٍ وعملٍ، فإذا خلا منها فهو ميِّتٌ لا روحَ فيه، ونسبتهَا إلى الأعمالِ كنسبةِ الإخلاصِ إليها، بل هي حقيقةُ الإخلاصِ، بلْ هيَ نفْسُ الإسلام، فإنَّه الاستسلامُ بالذُّلِّ والحبِّ والطاعةِ للهِ، فمَنْ لا محبةَ لهُ لا إسْلامَ له البَتَّةَ، بلْ هيَ حقيقةُ شهادة أن لا إله إلا الله، فإن الإله هو الذي يألَه العباد حبًا وذلاً وخوفًا ورجًاء وتعظيمًا وطاعةً له، بمعنى مألوه، وهو الذي تألهه القلوب، أي: تحبه وتذل له، وأصل التأله: التعبد، والتعبد: آخر مراتب الحب، يقال: عبده الحب وتيمه إذا ملكه وذلَله لمحبوبه. فالمحبة حقيقة العبودية، وهل تمكن الإنابة بدون المحبة والرضى والحمد والشكر والخوف والرجاء؟! وهل الصبر في الحقيقة إلا صبر المحبين؟ فإنه إنما يتوكل على المحبوب في حصول محابه ومراضيه، وكذلك الزهد في الحقيقة هو

زهد المحبين، فإنهم يزهدون في محبة ما سوى محبوبهم لمحبته، وكذلك الحياء في الحقيقة إنما هو حياء المحبين، فإنه يتولد من بين الحب والتعظيم، وأما مالا يكون عن محبة فذلك خوف محض، وكذلك مقام الفقر، فإنه في الحقيقة فقر الأرواح إلى محبوبها، وهو أعلى أنواع الفقر فإنه لا فقر أتم من فقر القلب إلى من يحبه ولا سيما إذا وحده في الحب ولم يجد منه عوضا سواه، هذا حقيقة الفقر عند العارفين، وكذلك الغنى هو غنى القلب بحصول محبوبه، وكذلك الشوق إلى الله تعالى ولقائه فإنه لب المحبة وسرها».

مەرجی شەشەم: القَبُول، قەبوڵکردنی «لا إله إلا الله»، «کە دژی ڕەدکردنەوەیە»

مەرجێکی تر لەو مەرجانە بریتیە لە: قەبوڵکردنی هەرچی ئەو ڕستەیە لە خۆی گرتوە لە واتا وداخوازی وپێویستی، چونکە مرۆڤ کە «لا إله إلا الله»ی ڕەدکردەوە وقەبوڵی نەبو ئەوسا پێی لە دین ئەڕواتە دەرەوە، ئەمە ئەگەر موسڵمان بێت وڕەدی بکاتەوە، خۆ ئەگەر هەر لەسەرەتاوە قبوڵی نەکات ئەوە نایەتە نێو ئیسلامەوە.

ئەبێت هەمو ئەوانەی پێ قەبوڵ بێت کە ئەم ڕستەیە هێناویەتی، بە هەمو دڵیەوە، بەوپەڕی ڕەزامەندیەوە، بە دڵ ئاسودەییەوە.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْهِ مِنْ رَبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْ رُسُلِهِ وَقَالُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ﴾. پەیامبەر بڕوای هێناوە بەوەی بۆی دابەزیوە لە پەروەردگاریەوە، ئیماندارانیش هەروەها، هەمویان بڕوایان بە خوا وفریشتەکانی وکتێبەکانی ونێردراوەکانی هەیە، ئەڵێن: جیاوازی ناکەین لە نێوان پەیامبەراندا، ووتیان: گوێمان لێبو وگوێڕایەڵ بوین، لێمان خۆشبە پەروەردگارا وگەڕانەوەمان هەر بۆلای تۆیە.

عوسمانی کوڕی عەففان لە ئەبوبەکری صدیقەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەگێڕێتەوە، ئەڵێ: «سَأَلْتُ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللهُ عَلَيه وسَلَّم- عَنْ نَجَاةِ هَذَا الأَمْرِ, فَقَالَ: مَنْ قَبِلَ الْكَلِمَةَ الَّتِي عَرَضْتُهَا عَلَى عَمِّي فَرَدَّهَا عَلَيَّ، فَهِيَ لَهُ نَجَاة»[١٦].

پەروەردگار جل جلاله، دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَنْ يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ دەفەرموێ: بەڕاستی ئیمانداران کاتێك کە گوێیان لە فەرمایشتی پەروەردگار

[١٦] رواه أحمد عن طريقين وأبو يعلى وحسن محققه إسناده، والبيهقي وصححه، وابن أبي شيبة، وقال البوصيري: وَحَدِيثُ عُثْمَانَ بْنِ عَفَّانَ، عَنْ أَبِي بَكْرٍ الصِّدِّيقِ إِسْنَادُهُ صَحِيحٌ. وقال الشيخ الأرناؤوط: «المرفوع منه صحيح بشواهده رجاله ثقات رجال الشيخين غير الرجل الذي روى عنه الزهري» وقال في موضع آخر: إسناده قوي.

وپەیامبەرەکەی دەبێت وفەرمانێکیان پێدەکات، ڕاستەوخۆ گوێڕایەڵی دەبن وقبوڵی دەکەن ولەسەر سەری دادەنێن، کە بانگ بکرێن بۆلای خوا وپەیامبەرەکەی تا قەزاوەتیان لە نێوان بکا وبڕیاری خوا وپەیامبەریان بۆ بخوێنرێتەوە، دەبینی ئەڵێن: گوێمان لێبو گوێڕایەڵین. ئەمەش ئیش وکاری موسڵمانە، ئیشی قبوڵکردنی شەرعە، وشەرع ڕەد ناکاتەوە.

ئەمانە ئیمانداران، کاتێکیش باسی بێباوەڕان دەکات ئەفەرموێ: ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا إِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ يَسْتَكْبِرُونَ * وَيَقُولُونَ أَئِنَّا لَتَارِكُو آلِهَتِنَا لِشَاعِرٍ مَجْنُونٍ﴾. واتە: ئەگەر پێیان بگوترایە بڵێن: «لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ»، نکوڵیان دەکرد ولوتبەرزی دەیگرتن، ئەیانوت: ئێمە واز لە خواکانی خۆمان بهێنین بۆ شاعیرێکی شێت، ئەم ئیسلامە قبوڵ بکەین؟

ودژی قەبوڵکردن: ڕەدکردنەوەیە، هەیە بڕوای بە واتا ومەدلولاتی «لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللّه» هەیە، بەڵام بەهۆی لوتبەرزی وحەسودیەوە ڕەدی دەکاتەوە. وەکو زانایانی جولەکە وگاور وەکو پەروەردگار لە بارەیانەوە دەفەرموێ: ﴿الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْرِفُونَهُ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَاءَهُمْ وَإِنَّ فَرِيقًا مِنْهُمْ لَيَكْتُمُونَ الْحَقَّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾. ئەوانەی پەرتوکمان پێداون موحەمەدی پەیامبەرمان دەناسنەوە وەکو چۆن منداڵەکانی خۆیان دەناسنەوە. هەروەها دەفەرموێ: ﴿..حَسَدًا مِنْ عِنْدِ أَنْفُسِهِمْ مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ الْحَقُّ﴾.

بەهەمان شێوە فیرعەون لەگەڵ موسادا دەیزانی هەقە بەڵام قەبوڵی نەکرد بە زمان وکردار.

وهەر لەژێر ئەم بەشەدا ئەوەش جێی دەبێتەوە، کە کەسێك ئیعتراز بکاتە سەر هەندێك ئەحکامی شەرعی، یان سنورێك لە سنورەکانی خوا، وەکو ئەوانەی سنوری دەست بڕینی دزیان پێ قەبوڵ نیە، یان بەرد بارانکردنی داوێن پیسی خێزانداریان پێ ڕەفزە، یان فرە ژنی یان میراتیان پێ قەبوڵ نیە وبە زوڵم وستەمی دەزانن لە ئافرەتان، ئەمانە وهاوشێوەکانی هەموی ئەڕواتە ژێر ڕەدکردنەوە وقەبوڵ نەبون.

هەروەها ئەوەش هەر ڕەدکردنەوەیە: کەسێك ناو وسیفەتەکانی خوا پەك بخات، یان بیشوبهێنێ بە دروستکراوەکانی.

بۆیە یەکێك لە مەرجە گرنگەکانی «لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله» بریتیە لە قەبوڵکردنی دینی ئیسلام بە دڵ وزمان، خۆ ئەگەر گەیشتە لاشە ئەوە مەرجی حەوتەمە کە: ئینقیادە.

مەرجی حەوتەم: الإنقياد ، ملکەچبون، «کە دژی

ملنەدان و واز لێهێنانە»

لەوە دەچێت جیاوازی القبول والإنقياد ئەوە بێت: القبول قەبوڵ بونی دڵ وزمانە، بەڵام الإنقياد هی لاشەشە.

ئەویش ئەوەیەکە تەسلیم وملکەچی هەمو ئەو شتانە بێت کە ئەو ڕستەیە لە خۆی دەگرێت.

الإنقياد واتە: تەسلیم بون، ملکەچ بون، گەردن کەچ بون، الجوهری ئەڵێ: الإنقياد واتە: الخضوع.

پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَأَنِيبُوا إِلَى رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا لَهُ﴾. واتە: بگەڕێنەوە بۆ لای پەروەردگارەکەتان وتەسلیم وملکەچی ئەو بن.

هەروەها ئەفەرموێ: ﴿وَمَنْ يُسْلِمْ وَجْهَهُ إِلَى اللَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَى وَإِلَى اللَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ﴾. هەروەها ئەفەرموێ: ﴿مَنْ أَحْسَنُ دِينًا مِمَّنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ وَاتَّبَعَ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَاتَّخَذَ اللَّهُ إِبْرَاهِيمَ خَلِيلًا﴾.

هەروەها دەفەرموێ: ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾.

ئا لێرەشەوە ئەوە دوبارە دەکەینەوە کە عیبادەت بریتیە لە دو شت: تەواوی خۆشویستن لەگەڵ تەواوی زەلیلی وملکەچبون بۆ خوا.

ئەبو موسای ئەشعەری ئەڵێ: پەیامبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمویەتی: «مَثَلُ مَا بَعَثَنِي اللَّهُ بِهِ مِنْ الْهُدَى وَالْعِلْمِ كَمَثَلِ الْغَيْثِ الْكَثِيرِ أَصَابَ أَرْضًا فَكَانَ مِنْهَا نَقِيَّةٌ قَبِلَتْ الْمَاءَ فَأَنْبَتَتْ الْكَلَأَ وَالْعُشْبَ الْكَثِيرَ وَكَانَتْ مِنْهَا أَجَادِبُ أَمْسَكَتْ الْمَاءَ فَنَفَعَ اللَّهُ بِهَا النَّاسَ فَشَرِبُوا وَسَقَوْا وَزَرَعُوا وَأَصَابَتْ مِنْهَا طَائِفَةً أُخْرَى إِنَّمَا هِيَ قِيعَانٌ لَا تُمْسِكُ مَاءً وَلَا تُنْبِتُ كَلَأً فَذَلِكَ مَثَلُ مَنْ فَقُهَ فِي دِينِ اللَّهِ وَنَفَعَهُ مَا بَعَثَنِي اللَّهُ بِهِ فَعَلِمَ وَعَلَّمَ وَمَثَلُ مَنْ لَمْ يَرْفَعْ بِذَلِكَ رَأْسًا وَلَمْ يَقْبَلْ هُدَى اللَّهِ الَّذِي أُرْسِلْتُ بِهِ». واتە: نمونەی ئەو هیدایەتە وئەو زانستەی کە خوا منی پێ ناردوە، وەکو بارانێك وایە بباریتە سەر خاکێك، بەشێکی پاك وبەپیت بێت وئاوەکە وەربگرێت وهەڵی بمژێت وگژوگیای سەوزی زۆری لێبڕوێت، وبەشێکی تری وشك بێت، ئاوەکە بگرێتە خۆی، وهەڵی نەمژێت وگیا سەوز نەکات، بەهۆیەوە خوا سودی بە خەڵکانێك گەیاند: لێیان خواردەوە وئاوی زەرعات وکشتوکاڵیان پێدا، وبەشێکیشی زەویەکی ڕێك وساف ولوس بێت نە ئاوەکە گل دەداتەوە ونە گژوگیا سەوز دەکات، جا یەکەمیان نمونەی ئەوەیە کە لە دینی خوا تێبگات

وئەوەی منی پێ نێردراوە سودی پێگەیاندبێت، جا فێر بوبێت وفێری خەڵکی کردبێت، وسێیەمیشیان نمونەی ئەوەیە کە سەری لە ئاست ئەو پەیامەی من بەرز نەکردبێتەوە، وئەو هیدایەتە قەبوڵ نەکات کە پێی نێرداوم».

کەواتە موسڵمان کاتێك ئیسلامی قەبوڵکرد، بە سود دەبێت بۆ خەڵك، ئەبێتە گوڵ وسەوزی نەك درك، ئەبێتە ڕەحمەت نەك نیقمەت، خەڵك دەژێنێ وزیندو دەکاتەوە نەك بیانکوژێ وبیان تەقێنێتەوە. ئەمە ئیمانە ئەبێتە گیای سەوز بۆ خەڵك، ئەوەشی باوەڕ نەهێنێت، ئەبێتە زەردی ووشکی وڕەق وتەقی بۆ خەڵك، جا بزانن ئیسلام نەرمیە، سەوزییە، خۆشیە، شادیە، بەهارە بۆ خەڵك، دەی ئەم بەهاری ئیمانە بەدەست بهێنن ولێی مەحروم مەبن وپابەندی سوننەت بن، ئەوەتا پەیامبەری خوا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: وەکو لە صەحیحی بوخاریدا هاتوە لە حەدیسەکەی ئەبو هورەیرە: «كُلُّ أُمَّتِي يَدْخُلُونَ الجَنَّةَ »، «هەمو ئومەتم دەڕۆنە بەهەشتەوە»، الله أكبر، هەمو ئومەتی موحەمەد ئەڕواتە بەهەشتەوە، فەرموی: «إِلا مَنْ أَبَى» «مەگەر کەسێك خۆی نەیەوێت!» «قِيلَ ومَنْ يأْبَى يَا رَسُول الله؟» وتیان: ئەی کێ نایەوێت ئەی پەیامبەری خوا؟! «قَالَ: مَنْ أَطَاعَنِي دَخَلَ الجَنَّةَ وَمَنْ عَصَانِي فَقَدْ أَبَى» فەرموی: «هەرکەس گوێڕایەڵم بێت، ئنقیادی هەبێت، تەسلیم بێت، دەڕوات بەهەشتەوە، وهەر کەسیش سەرپێچی بکات، ئەوە نەیویستوە، تەسلیم وزەلیل نەبوە».

بۆیە ئەبێت گوێرایەڵ وملكەچ بین بۆ «لا إله إلا الله» بۆ شایەتمانی: «هیچ پەرستراوێك نیە بەهەق الله نەبێت»، هەر جۆرە پەرستنێك بۆ جگە لە خوا ڕەد دەكەینەوە هەر لە كارەكانی دڵەوە هەتا باقی كردارەكانی تری لاشە.

بشزانن تەنها ئەم حەوتە مەرجی «لا إله إلا الله» نیە، بەڵكو ئەصڵی هەمو كارەكانی دڵیش دەگرێتەوە، هەرچی كاری دڵە هەموی مەرجی «لا إله إلا الله»یە ئەمەش -وجگە لەمەش- بەڵگەیە لەسەر ئەوەی باسی كارەكانی دڵ باسی عەقیدە وتەوحیدە، چونكە هەمویان لە بنەماكانی «لا إله إلا الله»ن، بەڵكو كرۆكی تەوحید بریتیە لە كارەكانی دڵ «أعمال القلوب»، ئەوەتا «لا إله إلا الله» حەوت مەرجی هەیە، هەر حەوتی كارەكانی دڵە.

بۆیە هەركەسێك دڵپاك وساغ بێت ودڵی بۆ خوا بصولّحێ، لاشەشی لەگەڵیدا بۆ خوا دەصولّحێت وەك پەیامبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ، ودەبێتە موسڵمانێكی پاك وڕێك. هەر كەس بەلاشەی بۆ خوا بصولّحێت، بەڵام دڵی بۆ خوا نەصولّحابێ ئەوە مونافیقە وهیچی نەكردوە.

داواكارم لەخوا بە فەزڵ وكەرەمی خۆی دڵمان بۆ خۆی بسولّحێنێت وكردار وڕەوشتیشمان چاك بكات، اللهم آت نفوسنا تقواها وزكها فأنت خير من زكاها

==========

چاوەڕێی ئەم بەرهەمانە بن إن شاء الله:

١- چرای ڕوناك له سیرەی پەیامبەری ڕاستگۆی دەستپاك. تەواو بووە خوای میهرەبان له چاپدانی ئاسان بکات.«٢ بەرگ».

٢- إتحاف الأخيار عن كيفية صلاة النبي ﷺ من حيث الإطالة والإختصار. تەواو بووە خوای میهرەبان له چاپدانی ئاسان بکات.

٣- جیاوازی نێوان موسڵمانان. هۆکار وچارەسەر.تەواو بووە خوای میهرەبان له چاپدانی ئاسان بکات.

٤- تەبەروك كردن وجۆرەکانی. «نامیلکە»تەواو بووە خوای میهرەبان له چاپدانی ئاسان بکات.

٥- پەروەردەکردنی منداڵان و بەرپرسیارێتی دایکان و باوکان. تەواو بووە خوای میهرەبان له چاپدانی ئاسان بکات.«نامیلکە»

٦- جیهانی جنۆکە و شەیتانەکان. تەواو بووە خوای میهرەبان له چاپدانی ئاسان بکات.

٧- کارەکانی دڵ . تەواو بووە خوای میهرەبان لەچاپدانی ئاسان بکات

٨- ڕونکردنەوەی ناوە چاکەکانی خوای گەورە. تەواو بووە خوای میهرەبان لە چاپدانی ئاسان بکات.

٩- وەفا و ئەمەکداری پێغەمبەری خوا ﷺ. «نامیلکە».تەواو بووە خوای میهرەبان لە چاپدانی ئاسان بکات.

١٠- ڕۆژهەڵاتناسی و ڕۆژهەڵاتناسان. «نامیلکە» خوای میهرەبان تەواو بوونی ئاسان بکات.

١١- داوێن پیسی هۆکارەکانی، کاریگەریەکانی، چارەسەر. خوای میهرەبان تەواو بوونی ئاسان بکات.

١٢- نەخۆشیەکانی دڵ خوای میهرەبان تەواو بوونی ئاسان بکات.